LaSemantique

واتـــــا ســـــازی

Semantic

LaSemantique

واتـــــا ســـــازی

Semantic

کلۆدجیێرمان — زانکۆی مونتریال

ریمون لۆبلان — زانکۆی ئۆتاوه

وەرگێر

د. یوسف شەریف سعید

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

ناوی کتێب: واتاسازی

- کلۆدجیێرمان – ریمو لۆبلان
- وەرگێڕانی: د. یوسف شەریف سعید
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ٨٨١
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ١٥٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب (٢٠٠)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

www.mukiryani.com

asokareem@ maktoob.com

Tel: 2260311

پێرست

پێشەکی

نزیکەی پازدە سالێك دەبێت کە خوێندنی بالاّ لەبەشی کوردی کۆلێجی ئاداب لەزانکۆی سەلاّحەدین کراوەتەوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیە بۆ بابەتی واتا سازیsymantic سوود لە چەندین سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزیو عەرەبی وەرگیراوە بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەو قوتابیانەی کە لەخوێندنی بالاّ وەردەگرین تارادەیەك شارەزاییان لەودوو زمانەدا کەمەو ناتوانن بەپێی پێویست سوودی لیّ وەربگرن، هەروەها لەبەر نەبوونی هیچ سەرچاوەیەك بۆ واتاسازی لە زمانی کوردی دا، بەپێویستم زانی ئەم کتێبە"Lesemantique"ی "کلود جیرمان" مامۆستا لە زانکۆی مۆنتریالو " ریمون لوبلان" مامۆستا لەزانکۆی ئۆتاوە کە لەلایەن" د. نور الهدی لۆشن" کراوە بە عەرەبی لەزانکۆی قاریۆنس لە بەنیغازی ی لیبیا وەرگێرمە سەر زمانی کوردی چونکە وای بۆ دەچم کە سوودێکی باش بە قوتابیانی خوێندنی بالاّ بەزمانی کوردی بگەیەنی و هەورەها ئارەزوومەندانی بابەتی واتا سازیش سوودی لیّ وەردەگرن.

لەکاتی وەرگێڕانەکە دا هەولّم داوە ئەو زاراوانەی کەباونو بەکاردەهێنرێنو لەگەلّ سەلیقەی زمانەکەدا دەگونجێن بەکاربێنم، گرنگی کتێبەکش لەوەدایە کە رووبەری واتاسازی تارادەیەکی باش داپۆشیوەو لە پێنج بەشدا پوختەی بابەتەکانی واتاسازی بەم شێوەیەی خوارەوە خستۆتە روو.

بەشی یەکەم لەدوو پار پێك هاتووە، پاری یەکەم بۆشێوەکانی واتا, واتای وشەیی, وشەوشت, ناولێنراووچەمكو چەمكو سەرچاوەو چەمك, نرخ دانراوە.

پاری دووەم لەبابەتی واتاسازی وشە، وشە وەك بابەتێکی بەرایی واتا سازی، وشە وەك دانەیەکی شیکردنەوە، رستە، رستە وەك بابەتی یەکەمی واتا، رۆلّی واتای رستە. سەختی رۆلیّ شیکردنەوەی واتایی، زمانو تێروانینی جیهانی دەدوێت.

بەشی دووەم تایبەتە بە لێلّی فەرهەنگی، لەم بەشەدا باس لە فرەواتاییو رەگەز دۆزیو واتاو بەکارهێنانو شێوەکانی لێلّی، شوێن و لێلّی کراوە.

بەشی سێیەم تەرخان کراوە بۆ واتای وشە، لەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەر کێلگەی واتاییو گریمانەی تریروکێشەی دەستنیشانکردن. لێرەدا دوو جۆرە دەستینشانکردن باسیان لێوەکراوە یەکەم دەستنیشانکردنی کێلگەی واتایی دووەم دەستنیشانکردنی یەکەکان. هەروەها باس لە بۆچوون لەپەیوەندیەکانی واتا، هاوواتا، گرتنەوەو پەیوەندییەکانی تری واتا کراوە . لە شیکردنەوەی پێکهاتەکاندا باس لە سەرچاوە, پێناسەکان, دارشتن, شیکردنەوەی پێکهاتەیی, کێلّگەی واتاییو هزرەکانی واتا کراوە.

بەشی چوارەم تایبەتە بە واتای رستە، لەم بەشەدا باس لەیاساکانی کەواندن, ژمێریاری رێژەیی پالّپشتەکانو گریمانەیی کراوە.

بەشی پێنجەم کە دوا بەشی کتێبەکەیە بۆ ئەنجامو پەیوەندی نێوان رێزمانو واتا سازی تەرخان کراوە، لەم بەشەدا باس لەپێکهێنی رۆنانیو واتاییو دەنگسازی کراوە، ئینجا بە وردی باسی تیۆری نموونەیی کراوە.

هیوادارم سوودێکم بەقوتابیانی خوێندنی بالاّ گەیاندبیّو بەم کارە کەلێنێکم لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوە.

یوسف شەریف سەعید
٢٠٠٦/٥/١٦

پێشەكی وەرگێڕی (عەرەبی)

واتاسازی Semantic بەوە ناسراوە كە لێكۆڵینەوەیە لە واتا، ئەم زاراوەیەش لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی زانای فەرەنسی میشاڵ برێل Michel Breal لە ساڵی ١٨٨٣ سەری هەڵدا، كە مەبەستەكەی واتاسازی بوو.

زمانەوانە فەرەنسییەكان بۆ ماوەیەك كێشەی واتاسازی یان واتایان, بەبابەتەكانی شێواز ناسیو لێكۆڵینەوە ئەدەبیەكان دادەنا، دواتر دووبارە ئەم زانستەیان خستە ناو لێكۆڵینەوە زمانیەكانەوە.

لەسەدەی بیستەم دا لێكۆڵینەوە لە واتاو واتاسازیدا گەشەی كردو بوارێكی فراوانی گرت, رێبازی بەدیاركەوتو لێكۆڵینەوەكان گەشەیان بەخۆوە بینی، تەنانەت لێكۆڵینەوەكان تەنیا پەیوەست نەبوون بەلایەنی مێژووییەوە، بەڵكو لایەنی كۆمەڵایەتیو دەروونیو مرۆڤایەتیو گشت ئەو بابەتانەش كەسەر بە واتا، یان پەیوەندداربوون بە واتا لەخۆ دەگرت.

واتا سازیش لەواتاكانی زمان دەكۆڵێتەوە، واتە تەنیا لەگەڵ هێما زمانیەكاندا كار دەكات، هەرچەندە بابەتی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كە رۆڵی نیشانە یان هێماییان هەیە، ئەویش چ زمانی بن، چ نازمانی، بەڵام بایەخ دانو داكۆكی كردن تەنیا لە واتای زمانی دا دەبێت لە بوارەكانی لێكۆڵینەوە زمانیەكاندا.

كەواتە بابەتی واتاسازی بریتییە لە واتای زمانی، واتای زمانیش، لەواتای تاكی وشەوە كە لە رووی دۆخی فەرهەنگیو بەدواداچوونی گەشەی واتاییو ئەو گۆڕانكاریانەی كەبەسەر وشەدا دێت، لە بەكارهێنانی جیاوازدا كە زەحمەتە دەست نیشانی واتای وشەبكرێت، سەرهەڵدەدات، چونكە وشە خۆی لەخۆیدا

هەڵگری واتایەكی رەها نییە، بەڵكو بەكارهێنانو دەوروبەر (سیاق) دەستنیشانی واتای راستەقینەی وشەكە دەكەن.

ئەمەو سەرەرای لێكۆڵینەوەی دەنگەكانو پەیوەندی رۆنانە كاریگەرەكە كەبەرەو لێكۆڵینەوەیەكی تەواو دەڕوات. ئەم توخمانە یان ئەو بنەمایەش لەچوارچێوەی جۆرەكانی واتادان كەبریتین لە:

١- واتای بنجی فەرهەنگی

٢- واتای وشەسازی

٣- واتای رستەسازی

٤- واتای دەوروبەرو شوێن(سیاق)

كە ئەم جۆرانەش بەپێ ی لێكۆڵەر یان ئەو قوتابخانەو رێبازە دەگۆڕێن كە پشتی پێ دەبەسترێ.

یەكێ لە گرنگترین بنەماكانی واتا هێمایە، واتە بیرو ئەو شتەی كە ئاماژەی بۆ دەكرێ، بە پشت بەستن بە جووتەكانی زمان/ گوتن.[1] نیشانە زمانیەكان لەسەر جووتەی ناوو ناولێنراوبونیاد دەنرێن، لەم رووە واتا سازی رووبەرووی كۆمەڵێك كێشە بۆتەوە لە وانە:

– نەبوونی زاراوەی سنوردار.

– بەكارهێنانی زاراوەكەلە چوار چێوەی پسپۆری جیاوازدا.

لەم كتێبەدا كە لەبەر دەستمان دایە دانەرەكان جۆرەكانی واتاو ئەو كێشانەی كە رووبەڕووی واتا دەبنەوە باس دەكەن.

ئەم دوو دانەرە پرسیان لە چۆنیەتی واتای وشەو چەمكو سەرچاوەكردوەو هەروەها باسی رستەیان وەكو بابەتی یەكەمی واتا كردووەو دەستنیشانی ئەو

(1) جووتەكانی فردیناند دی سۆسێر

تەگەرانەیان کردووە کە رووبە رووی گەڕان بەدوای واتـای وشـە دەبێتـەوە وەکـو یەکەیەکی شیکردنەوەی واتایی، ئەمەش لە بەشی یەکەم دا باس کراوە.

لە بەشی دووەم دا کێشەی لێڵی فەرهەنگییان باسکردووە لەروانگەی هاوبێـژ و رۆلی دەوربەرو (سیاق) یان لە بەکارهێنانی زمانیدا.

لە بەشی سێیەمو چوارەم دا لەواتای وشەو کێلگـەی واتـاییو شـیکردنەوەی پێکهێنەرەکانیان دواون، ئەمەش لـە رێگـای پەیوەندییـە واتاییـەکانیو دوواتـر واتای رستەو هەندێ یاسای پۆلێنکردنیان لە بەرچاو گرتووە، لەم دوو بەشەدا ئەو کێشانەیان ورژاندووە کەهەندێ کەس وشە بـە بابـەتی یەکـەمی واتـا دادەنـێو هەندێکی تر کە رستە بە باش دەزانن ببێتە بابەتی یەکەمی واتا.

بەشی پێنجەمیش کە کۆتایی کتێبەکەیـە، ئـەم بەشـە تـەرخان کـراوە بـۆ پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان رستەسازیو واتاسازی لە ژێر تیـشکی لێکۆڵینـەوەکانی سەر بەرێبازی چۆمسکی.

منیش لەم وەرگێڕانەدا هەوڵم داوە کرۆکی بابەتـەکان وەکـو خۆیـان بـەجێ بهێلم هەروەك چۆن دانەران دایان ناوە ئەمەش وای لێکردم هەندێ جـار بیرەکـان وەکو خۆی چۆن لەفەرەنسی یەوە هاتووە دایان بنێم، بەتایبەتی لە خشتەی نـاوی ئاژەلەکاندا، چونکە وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی ئەم ئامانجـەی کـە بـۆی دانـراوە لـە دەسـت دەدات لەکاتێکـدا هـەولم داوە هەنـدێ نـاو بگـۆڕم وەکـو ناوی"Pierre" و"Marie "کە لەجیاتیان ئەحمەدو فاتیمەم داناوە.

هەرچی پێناسەی زارەوە زمانیەکانە ئەمانـەش لـەژێر رۆشـنایی فەرهەنگـە زمانیەکان دانراون، ئەوەی زیادبوو بێ و هـیچ کاریگەریـەکی بەسـەر بابەتـەکان نەبووبێ لام داوە.

هیوادارم توانیبم لێکۆڵینەوەی واتایی بخەمە بەردەست خوێنـەری عـەرەب, سەرکەوتن لەلایەن خوداوەیە.

پێشەکی دانەران
دەرخستن و بابەتی واتاسازی

زۆر زەحمەتە وا بیر بکەینەوە کە وانەیـەکی, دەروازەیـەك بـۆ زمانـەوانی گشتی, بەشێکی تایبەتی بە لێکۆڵینەوەی واتا تێدا نەبێت، واتە واتاسازی.

لەگەڵ ئەوەشا هەندێ جار، وا ڕێـك دەکـەوێت کـە ئـەم بـوارە گرنگـەی زمانەوانی هەر بەتەواوی باسی لێوە نەکرابێت، یان لێکۆڵینەوەیـەکی کـەمی لەسەر کرابێت، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کورتی ماوە(چونکە لێکۆڵینـەوە لـە واتا دوادەخرێت بۆ کۆتایی لێکۆڵینەوە)یان قورسی بابەتەکە.

بەڵام ئەگەر ئێمە دان بەوە بنێین کە زمان یەکەم جار بەوە پێناسە دەکرێت کە ئامێرێکە بۆ پەیوەندیکردن، ئەوسا زۆر مایـەی داخـە کـە لێکۆڵینـەوەی ناوەڕۆك یان واتاسازی پشت گوێ بخرێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو کێشانەی کە رووبەرووی واتاناسان دەبێتەوە باس دەکەین. بەم هۆیەوە لەبەشی یەکەم دا پرسیار لە واتای وشە دەکەینو دواتـر پێداچوونەوە لەسەر ئەو تەگەرانە دەکەین کە بەوەرگرتنی واتایی وشـە وەکـو یەکەیەکی لێکۆڵینەوە لە واتا رووبەروو دەبینەوە.

پشت بەو کارانە دەبەستین کە رستە دەکەنە بابەتی یەکەمی واتا.

سـەرەرای ئەمـەش هەنـدێ بایـەخ بـە تـەنگو چـەڵەمەکانی کـاری واتاناسەکان دەدەین.

له بەشی دووەمدا، له روانگەی وەك یەكو هاوبێژدا باس له كێشەی لێڵی فەرهەنگی دەكەین، كه له واتادا رۆڵی دەوروبەری زمانیو دۆخی دەوروبەری زمانەوانی دەوروژێنیێ.

بەشی سێیەمو چوارەمیش تەرخان كراوه بەو كێشانەی كه بابەتی وشه دەكەنه كرۆكی واتاسازیو ئەوانەی كه رسته به باشتر دەزانین بۆ لێكۆڵینەوه له واتاسازی.

له بەشی كورتەو دەرئەنجامدا هەوڵ دەدات دەست نیشانی كورتەیەك لەو پەیوەندیه ئاڵۆزەبكات كه لەنێوان رێزمانو واتا دا هەیه بەتایبەتی لەژێر رۆشنایی ئەو كارانەی كەلەسەر بنەمای زمانەوانی چۆمسكییەوه بنیات نراوه.

بابەتی لێكۆڵینەوەكە:

لەكۆتایی لێكۆڵینەوەكە دەتوانین له:

١- جیاكردنەوەی ژمارەیەك لەو زاراوانەی كه بەوردی به واتای زمانیەوه گرێ دەراوه، بەتایبەتی: چەمك، سەرچاوه، بەها.

٢- تاووتۆی كردنی نموونه جیا جیاكانی ئەو كێشانەی كه وشه، یان رسته دەكەنه بابەتی یەكەمی واتاسازی.

٣- هەست كردنی رووداوی كه زمان دابەشكردنی تایبەتی راستیەكانی تێدایه.

٤- بەیەكەوه گرتنو هاوسەنگی, كرده ناوەندیەكان, پێوەره لەبارەكانی نێوان وەك یەكو هاوبێژ.

٥- دوای بەكارهێنانەكانی كارەكی، جیاكردنەوەی تواناو سنوری تیۆری بەكار هێنان(عادەت)، به تایبەتی ئەوانەی لەلایەن فەرهەنگ سازەكانەوه بەكار دەهێنرێت.

٦- باس له رۆڵی چوارچێوەی زمانیو دۆخ له دەرەوەی زمانەوانی سەبارەت به لێڵی فەرهەنگی دەكات.

٧- پێداچوونەوەی هەندێ گریمانه لەپاڵ كۆمەڵێك له یاساكان(نوسراوەكان)ی دەرچوو تا ئێستا لەچوارچێوەی واتای وشه, كێڵگەی واتایی, پەیوەندی نێوان واتاو شیكردنەوەی واتایی.

٨- پیادەكردنی هەندێ كردەی شیكردن پێشنیازكراوەكانی لەبواری واتای رسته, یاساكانی كەوتن, ژمێریاری پاڵپشتو گریمانەكان.

٩- شارەزابوونی دوو رێگای جیاواز بۆ تێروانینی ئەو پەیوەندیەی له نێوان رێزمانو واتاسازیدا هەیه لەچوارچێوەی رێزمانی بەرهەم هێنانو گوێزانەوه.

بەشی یەکەم

کێشەکانی واتا

کێشەکانی واتا کۆمەڵێك لـەو پرسـیارانە دەگرێتـەوە خـۆ کـە لـەبواری لێکۆڵینـەوە دێنـە ئـاراوە. کێـشەکانی واتـا، کۆمەڵـە کێـشەیەکە کـە لـە واتاسـازی، لـەم بەشـەدا دەکرێـت، لـەپاڵ ئـەو پرسـیارە سـەرەکیانەی کـە رووبەرووی واتاناس دەبێتەوە هەندێ راستی بەدیار دەکەوێت.

بێ گومان دەبێ دەستنیشانی باری یەکەمی واتا بکەین، بەداخـەوە هـیچ وەلآمێك بۆ کێشە چارەسەرنە کراوەکان نادۆزینەوە، ئەمەش ئەو بەردەوامیـە یە کە دەبێ لەم بەشەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

ئەلف: واتای وشە چی یە؟

پێناسەی واتاسازی وەك لێکۆڵینەوە یـان زانـستی واتـا" بۆتـە کـارێکی سروشتی لێراهاتوو لە زمانەوانیدا، بەلآم هیچ سودێك لـەم پێناسـە گـشتییە وەرناگیرێت تا مەبەسـت لـە واتـا دیـاری نەکـەین(Signification). بـەم شێوەیە لەم ساتەوە کە هەوڵ دەدەین بۆ دیاری کردنی واتا کێـشەی زۆر سـەر هەڵدەدات، لەوانە:

- ئایا دەتوانین بگەینە پێناسەی واتای وشە؟

١- وشەو شت:

لای ئەفلاتوون بۆ نموونە واتای وشە ئەو شتە ناولێنراوەیە بە وشە. واتـای مێز(table) ئەو بابەتە بەرجەستەیەی مێزە" بەلآم ئەو گەشـەیەی نیـشانەی زمانی کارێکی ئاسان نیە.


لە راستیدا ئێمە وا بەروونی بیر لە ناولێنراوەکانی زۆربـەی ئاوەڵناوەکـان ناکەینەوە وەك(باش، جوان...هتد) هەروەها کارەکـان وەك کـاری (رۆیـشتن) یان هەندێ جۆری گوتن وەك(ئامرازی پەیوەندیو ئامرازی بەستن..هتد)

سەرەڕای ئەمەش هەڵوێستمان چییە دەربـارەی وشـە نـا بەرجەسـتەکانی وەك(ئازادی) یان ئەو وشـانەی کـە لەگـەڵ کرۆکـی راسـتەقینەیان نـاگونجێن وەك(جنۆکە، ساحیر.....هتد) هـەروەك " فـریج Frege " ی لۆجیـك نـاس روونـی کردۆتـەوە، ئەگـەر وشـەیەك یـان دەسـتەواژەیەك لەگـەڵ بابەتـە بەرجەستەکەی یەکتریان گرتەوە هـیچ پێویـست ناکـات نـاوو ناولێنراویـەکتر بگرنەوە: ئەستێرەی ئێوارانو ئەستێرە بەیانیان دوو دەسـتەواژەنو یـەك واتـا ناگەیەنن، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردووکیان یـەك نـاولێنراون بـۆ (هەسـارەی ڤینۆس). ناچارین لێرەدا شتێکی بخەینـە سـەر ئـەویش ئەوەیـە کـە سـنوری راستیەکان هەندێ جار لێڵن: پـیری لـەکوێ دەسـت پێـدەکات، لاوی لـەکوێ کۆتایی پێدێت؟ شەو رۆژ، فێنکیو گەرمی، ..هتد.

٢- ناولێنراو وچەمك(مەزندەكردن - تصور):

ڕێگایەكی تر هەیە بۆ مەزندەكردنی واتا(الدلالە)[١] (signification) ئەویش بە دامەزراندنی پەیوەندی نێوان وشەیەكو راستیەكان بەهۆی مەزەندە كردنەوە، لێرەدا واتای وشەی(مێز) تەنیا بابەتە بەرجەستەكە نیە بەڵكو مەزەندەو بیركرنەوەیە لە(مێز) ئەو مەزەندەیەی كە بەستراوە بەراستیەكانی (مێز) بۆ ئەوەی باش هەست پێ بكەین كە بە چی یەوە بەندە، دەگەڕێینەوە سەر مەزەندەی" دی سۆسێر "f. de saussure".

بەنیسبەت سۆسێر" پەیوەندی زمانی، خاوەن سروشتێكی دەروونی بنەمایەكە بۆ دروست كردنی كرۆكی دوو رووە، ئامادەكراوە بۆدەرخستنی چەمكو ناولێنراو،و وێنەی دەنگی یان ناو، ئەم مەزەندەیەش لە هێلكارییەكی وەك ئەمەی خوارەوە بەرجەستە دەكات.



واتاسازیش ئەو زانستەیە كە بەوردی بایەخ بە ناولێنراوی نیشانەی زمانی دەدات (ناو و ناولێنراو) وەكو دوو زاراوەی هاوواتا بەكارهێنراون).


(١) signification هەندێ جار بە واتا هەندێ جار بەواتاسازی لێك دەدەینەوە بەپێی ئەو چوار چێوەی كەتیایدا بەكارهاتووە.

سەرەڕای ئەمەش " دی سۆسێر " بە تیۆرییەكەی خۆی دەربارەی نیشانەكانی زمانی بە بۆچوونی زۆربەی زمانەوانان بەداهێنەری راستەقینەی واتاسازی هاوچەرخ دەژمێردرێت.

بەڵام ئەوەی كەدەبێ لە ناولێنراو بگەین"Signifie" زۆر روونو ئاشكرا نیە، چونكە لەهەندێ نێوەندا بە هاوواتای" شت" "Chose" دادەنرێت، لەهەندێ شوێنی تر بەواتای مەزندەو بیر، واتە بە كرۆكی زانستی دەروونناسی یا لۆجێك دادەنرێت، لەدوای" دی سۆسێر" هەوڵێكی زۆرو كۆششێكی زیاد كراوە بۆ دانانی چەمكێكی ورد بۆ مەزندەی نیشانەی زمانی.

٣- چەمكو سەرچاوە:

لەو هەوڵانەی كە لەم بوارەدا دراوە، ئاماژە بە هەوڵی دوو زمانەوانی ئینگلیزی دەكەین " ریچاردزو ئۆگدینە"Richards & Ogden" ئەم دوو زانایە لە ساڵی ١٩٢٣ كتێبێكیان بڵاو كردەوە بەناونیشانی (واتای واتا). لەم كتێبەدا سێگۆشەیەكی واتاییان لەژێر ناوی سێ گۆشەی بنجی خستە روو.



بۆنموونە ئەگەر وشەی(مێز) وەربگرین، ناوەکە وێنەیەکی بیستراوە کەلەگەڵ زەنگی دەنگەکانی (م، ێ ، ز) رێك دەکەوێت.

ناولێنراوەکەش ئەو بیرەیە، یان مەزندەیە بۆ (مێز). سەرچاوەکەش ئەو بابەتە بەرجەستەیان بابەتی هەست پێکراوەیە کە (مێزە)ە.

نیشانەی زمانی لەسێ گۆشەکەدا باڵی چەپ دەینوێنێ کە بریتی یە لە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو.

سەرچاوەش ئەو پەیوەندییەیە لەنێوان نیشانەی زمانیو سەرچاوەو ئەو شتەی دەرەوە(واتە دەرەوەی زمانەوانی).

پەیوەندی نێوان ناوو سەرچاوە(واتە وێنەی بیستراور م، ێ، ز)و بابەتەکە(مێز) پەیوەندییەکی راستەخۆ نییە هەروەك خاڵەکانی ژێر سێ گۆشەکە دەست نیشانی دەکات، ئەوەی کە لەسەرسێ گۆشەکەیە یەکسەر دەمانگەیەنێتەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ پەیوەندییە دووانەکان (الثنائية) کە (دی سۆسێر) بەر لەچەند ساڵێك باسیانی کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە سێ گۆشەکەی (ریچاردزو ئۆگدین) هەندێ وردی تێدایە لەپەیوەندی نێوان چەمكو شتەکاندا" بەڵام هیچ شتێکی نوێی نەخستۆتە سەر تێورییەکەی (دێ سۆسێر) لەبواری ناولێنراودا، هەروەها بۆ واتاسازی زمانی، هیچ شتێکی بەنرخی زیاد نەکردووە.

سەرەڕای ئەمەش تا ئێستا کەس نەیتوانیوە پێناسەیەکی وردی زمانی بۆ ناولێنراو دابنێ، بەتایبەتی ئەوانەی پشتیان بە بۆچوونی سیانی نێوان نیشانەی زمانی(ناو، ناولێنراو، سەرچاوە) بەستووە.

ئوڵمان (Ullman) دوای ئەوەی کە لەکورتەیەکی زانستی واتاسازی فەرەنسی ساڵی ١٩٥٢، وەرگێڕانێکی سادەو گونجاوی بۆ زاراوەکانی سێگۆشەی " ریچاردزو ئۆگدین " پێشکەش کردو دوایی ئەوەی کەباسی پەیوەندییە جیاوازەکانی نێوان هەر بەشێك لەبەشەکانی سێگۆشەکەی کرد ئەمەشی خستە سەر کە " شت" لەوانەیە دووربێت لە رۆنانی ناوەوەی وشە، هەروەها نیشانەی زمانی بەتەواوی وەك دێ سۆسێر لەدوو زاراوەدا کورت کردەوە: ناو"دال" ناوی شت کە رونانی ناو رۆدەنێتو ناولێنراو"مدلول" کە واتاکە دەردەخات و ئەو پەیوەندییەیە کە ئەم دوو زاراوەیە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.

٤- چەمك و نرخ:

هەر چەندە "دی سۆسێر " زانستی واتا سازی لە کتێبەکەیدا (چەند وانەیەك لە زمانەوانی گشتی) روون نەکردۆتەوە کە لە ساڵی ١٩١٦ دەرچووە، بەڵام بە دۆزەرەوەی بیرەکە دادەنرێت ، کە سەرچاوەی فەرهەنگسازی و واتا سازی رۆنانییە .دەبێ نرخیش بە چ شتێکەوە بەسترابێتەوە؟ نیشانەی زمانی کرۆکێکە لە ناوو ناولێنراو پێك هاتووە، هەر وەك زمان لای "دی سۆسێر" کە بە سیستەمێکی بنجی رووت دادەنرێت.دەتوانین لەم بارەوەبپرسین : لەچ شتێك دا ناولێنراوی (مدلول) دانەیەکی زمانی لە نرخەکەی جیادەکرێتەوە .

بۆ روونکردنەوەی جیاوازییەکە دی سۆسێر پەنای بردەبەر بەراوردکردنی لەگەڵ یاری شەترەنج و بەردی ئەسپی وەك نموونە وەرگرت و تێبینی کردو

گوتی : دەكرێ ئەم پارچەیە (ئەسپە) بگۆڕینەوە بە پارچەیەكی تری وەك پارچە دراوێك یا قوفلێك یا بازنەیەك ....هتد . تەنانەت ئەگەر لێكچوونیش نەبێت لە نێوان ئەو پارچانە ؟ بەپێی ئەوەی كە ئەسپەكە خۆی هیچ شتێك نانوێنێ ئەوەندە بەسە بۆ دانانی نرخەكەی بەپێی شوێن و بارودۆخی بەنیسبەت ئەو پارچەیەی كە لە گەلی گۆڕاوە ئەوەی ئەو نرخەی پێ بەخشیوە بەرانبەركردنیەتی لەگەڵ پارچەكانی تری یارییەكە .

هەمان شتیش لەسەر زمان پیادە دەكرێت، (بۆ نموونە نرخی زاراوەیەكی زمانی بەپێی شوێنی كۆمەڵە یاساییێك دا، كەزمانەكە پێك دێنێت، سەرهەڵدەدات یان دادەنرێت، تۆری بەرامبەركردنی هێماكان لەناو خۆیاندا.)

بەڵام ناولێنراو تەنیا شێوەیەكی نیشانەیە، بۆ روونكردنەوەی جیاوازی نێوان واتاو نرخ لەسەر ئاستی زمانەوانی،"سۆسێر"پشتی بە كۆمەڵێك نموونە بەستووە لەوانە:

أ- وشەی مەڕ"Mouton" لەزمانی فەرەنسی" Sheep" لە زمانی ئینگلیزی دا هەمان واتا دەگەیێنن، بەڵام هەمان نرخیان نییە. چونكە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی"Motion" بەو پارچە گۆشتە دەوترێ كە ئامادەیە بۆ خواردن، لەكاتێكدا وشەی" Sheep"بەو ئاژەڵە (مەڕ) دەوترێت كە لەناو كێڵگە دابێت.

نرخی جیاوازی"moution" و"sheep" لەئەنجامی بوونی دوو زاراوی جیاواز لەزمانی ئینگلیزی، كە بۆ دەربڕینی ئەو راستیەی كەبەیەك زاراوە لەزمانی فەرەنسی هاتووە، سەری هەڵداوە.

ب- لەناو زمانێك دا وەكو زمانی فەرەنسی بۆ وێنە چەندین هاوواتا هەن وەك" redouter" ترسان "craindre" و هەست بە ترس كردن" avoir peur"، سنورو بەكارهێنانی ئەم هاوواتایانە بەهۆی جێگۆڕكێیان لەگەڵ یەكتری دەست نیشان دەكرێ، نرخیان لەرێگای نەگونجانیان لەگەڵ یەكتر سەرهەڵدەداتو پەیدا دەبێت.

ئەگەر یەكێ لە زاراوەكانی وەك" redouter" نەبێت ناوەڕۆكەكەی دەبێ لەنێوان دوو زاراوەكەی تر دابەشكرابێت. لەوانەشە ببێتە مایەی دەوڵەمەندكردنی زاراوەیەك، بە سوودوەرگرتن لە كاریگەری زاراوەكە لەسەر زاراوەكانی تر.

بۆ نموونە هەرچەندە لەرووی مێژوویەوە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان دیواری روخاو "un murdécripi"و پیرەمێردێكی بێ تاقەتو پەك كەوتوودا" un vieillarddécripit" نەبێت، بەڵام خەڵك وەكو زاراوەیەك دایانناوە، توخمی نوێ خراوەتە ناو " décripi" لەئەنجامی هەڵسوكەوتی لەگەڵ "décripi" دا.

ج- هەر لەگەڵ زمانی فەرەنسی دا دەبین، ئەمجارە لەگەڵ دۆخی رێژەی فەرماندا، ئەگەر رێژەی كاری بڕۆ " marche"و بڕۆن "marches"، رۆژێك لەرۆژان لە بەكارهێنان كەوت، دەبنین نرخی با بڕۆین"marchons" گۆرانی بەسەر دادێتو هەردوو رێژەكەی تر بەخووە دەگرێت.

بەهەمان شێوە لە دیدو بۆچوونی " سۆسێر" دا شیكردنەوەی واتایی تەنیا هەوڵ نادات بایەخ بە یەكەی واتایی زمان بدات، بەڵكو لە هەمانكاتدا بایەخ بە نرخەكەشی دەدات ، واتە ئەوە پەیوەندی و واتایانەی كە دەیانپارێزی لەگەڵ واتاكانی تر لەسەر ئاستی سیستەمی زمانیدا.

ب- بابەتی واتا سازی:

١- وشە:

أ- وشە وەك بابەتێكی بەرایی واتاسازی:

تێبینی دەكرێ كە بەلای زۆربەی خەلْكی بابەتی یەكەمی واتاسازی وشە بێت .واتاسازیش رۆلْێكی بنجی دەبینێت لە دەستنیشانكردنی یاسای رێكخەر بۆ واتای وشەكان لە ناو خۆیاندا، ئەو گریمانەیەی كە دەكرێ لەسەرئەم رێرەوە دابرێژرێت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لەراستیدا چەندین بنیاتنان لە سەر ئاستی رۆنانی دەنگسازی" la phonologie "ئاستی وشەسازی "morphologie"وئاستی رستە سازی "Syntaxique" هەیە، زمان یەكەیەكی تەواوە، بۆچی دەبێ ئەم ئاستانە لە رووی واتاسازییەوە جیاوازبن؟

كاتێ ئەم گریمانەیەم دانا، لێكۆلْەرەوەكان لە واتاسازی دا رووبەرووی پێچەوانەیەك بوونەوە.

لەلایەك هەندێ لە زمانەوانەكان باوەریان بە یاساكانی رێكخستن هێنابوو ،هەرچەندە دانەی زمان و ناوەرۆكەكەی (واتاكانی) وشەكان- بێگومان- لەیەكتری دانەبراون لە مێشكماندا.

لەلایەكی تر بەشێكی زۆری زمانەوانان وای بۆ دەچن كە گێرە شێوێنیە وابیر بكەینەوە كە دەكرێ لە رێگای شیكردنەوەوە بگەینە تەواوی نمونەی رۆنانی ئەم سیستەمە لە واتا، لە رێگای فەرهەنگەوە (دانەی زمان).

بە واتایەكی تر ئەگەر تارادەیەك دەستنیشانكردنی هەندێ بەش لە دانەكانی زمانێكی دیاریكراو كارێكی ئاسانبێت ، وەك ئەو زاراوانەی كە

گوزارشت لە خزمایەتی دەدەن، یان رەنگەكان ،یان پلەی سەربازی....هتد.

بەلاْم - تائێستاش- دۆزینەوەی رێگایەك بۆ رێكخستنی دانەكانی تری زمان كارێكی ئەستەمە، كە ئەمانەش بەشێكی زۆری زاراوەكان پێكدێنن كە ئێمە دەتوانین بەكاریان بهێنین. بەشێكی كەمیان ناگونجێ لەگەلْ ئەو رێگایانەی كە تا ئێستا بەكار دێت لەگەلْ بەشە لێكدراوەكان.

بۆ نمونە ئەوەی كە بەرێزمانی سوننەتی ناونراوە (صرف) وشەسازی یان رۆنانی وشە لەسەر "بنەمای پێشگر و پاشگر و بەردەوام گەرانەوە بۆ سەر بنجی وشەكە، زنجیرە بارێكی بەردەوامە بۆ نمونە :

boulange-rie	enseign-er
-ons	characute –
-ant	armure –
-ement	verre -
Etc…	etc…..

ensign- ous	casse-tête
chant -	-noisettes
cri -	-pied
dirige-	-pipe
etc...	etc..

یان لەگەڵ کۆمەڵەی دارێژراوەکانی " able" یان لێکدراوەکانی " in" ، "super"،" ment" ...هتد، ئەمەش دوبارە دۆخێکە لە کێڵگەی دارشتن بۆ بەشێك لە دانەکانی زمانی کە گوزارشت لە ئاژەڵە خۆماڵیەکان دەکاتەوە، بەرامبەر بەوەی کە "جۆرج مۆنان Georges Mounin" لە کتێبەکەیدا کلیلەکانی واتاسازی(١٩٧٢- لا ١٣٢) سەلماندویەتی ئەو تێبینی یانەی کە لەم زنجیرەیە هەڵدەهێنجێنرێت، یان دەرەنجامی ئەو زنجیرەیە ئەوە دەردەخات کە بەلایەنی کەمەوە بوونی بنیادی هەندێ یەکەی فەرهەنگی- ئەو رێکخەرە فەرهەنگیو واتاییانە لەو دێتایانەو سەرهەڵدەدات کە بابەتی زمانی رووتن: ناولێنراو یان روخساری وشەکان نرخی سەرەکی تۆخمی شیکردنەوەن، لەکاتێکدا ئەو قورساییەی (ئەو گیرو گرفتانەی) کەرووبەروومان دەبێتەوە لە راستیدا دەکەوێتە سەر رۆنانی ناولێنراوی یەکەکانی زمان، چونکە ئێمە وای بۆ دەچین کە ئەم قورساییە پەیوەندی بە رۆنانی ناولێنراوەکانەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی بە نیسبەت رۆنانی هاوبەش(دوال) کە لەگەڵ رێکخستنە لێڵەکەی ناولێنراوەکانی ئەو یەکەزمانیانە دەگونجێ.

لێرەوەدا ئەم خشتیە بە نموونە دەهێنینەوە.

Nom Specifique	Ane	Cheval	Mulet	Boeuf	Chevre	Porc	Cochon	Chat	Chien	Lapin	Poule	cznard
Femelle	Anise		Mule		Chevre			Chatte	Chieme	Lapine	Poul	Cane
Jeune	Anon				Chevreau	Porcelt pourceau	Cochonnet	Chaton	Chiot	Lapereau	Poulet	Canetot
Panyrution					Cheverler		Cochonner	Chatonner	Chicenner	Lapiner		
Gardien	Anier		Muletier	Bouvier?	Chevner	Porche						
Derivation Adjectable		Chevalin	Mulasier	Bovin?		Porch						
Local delevage				Bouvene	Borcheric	Cochonnier		Chenil	Lapiniere	Poullailler?		

N.B: le? Indiq
ue les derivations non productives ou peu productives don't on peut se demander si elles sont percus generalemment.

تێبینی:

نیشانەی پرسیار لەو خشتەیەدا بۆ وشە دارێژراوە بەکار نەهاتووەکان یـان زۆرکەم بەکارهاتووەکان دانراوە، کە دەکـرێ بپرسـین بـە شـێوەیەکی گـشتی باسکراون یان نەء .

لەبەر ئەوەی زانستی واتاسازی یەکەم جارو پێش هـەموو شـتێك بایـەخو گرنگی بە توخمە فەرهەنگی یـەکانی زمـان دەدات، بۆیـە ئـەو بۆچـوونە بـۆ واتاسازی نزیك دەبێتەوە لەهەندێ لایەنەکانی زانستی وشە(یەکەکانی وشـە) واتـە لـە لێکۆڵینـەوەی بنـەماکان و رێگاکـانی فەرهـەنگی. (ئەمـەش بـە تەکنیکی ئامادەکردن ناسراوە بۆ دەستنیشانکردنی فەرهەنگەکانی زمان).

لە راستیدا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە زانیـاری پتـەوی رێـژەکانی ئامادەکردنی ناولێنراوەکانی وشە لەوانە یە بەرەو چاککردنی فەرهەنگـەکانی زمانمان ببات، بەڵام پشت بەستن بە وشە وەکو یەکەیەکی شیکردنەوەی واتـا بەبێ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەو گیروگرفت ئەنجام نادرێت.

ب- وشـە دانەیـەکی شـیکردنەوەیە: ئەگـەر لـەم وشـانە وەك" مێـز" "table"و" نووسینگە""bereau" وە کورسی " chair" هەروەها" لـە" و" بە" و" لەسەر" "par" و لەبەر لـە جیـاتی" pour" و" لـەبری" et" وەردەبینەوە، هەست بەوە دەکەین کە سێ وشەی یەکەم لەڕووی واتاکانیانەوە بەتەواوی وەکو سێ وشەکەی دواتر نین، لێرەدا ئەو جیاوازییە دەردەکەوێت کە زمانەوانەکان لەکۆنەوە هەستیان پێ ی کردووە، هەندێکیان باسـیان لەوشـەی پڕو وشەی بەتاڵ کردووە، هەندێکی تریان باسی وشـەی پـڕو وشـەی ئـەرکیان کردووە، ئیتر هەر بەم جۆرە..هتد.

هەرچۆنێك بێت زاراوەکان بەکارهاتووە، بەڵام جیاوازییەکە لە سروشـت دا هەر زۆرە، ئەمەش رێگا دەدات کە مامەڵە لەگەڵ ئەم دوو جۆرەدا بکرێت.

ئێمە دەتوانین قسە لەبارەی واتای فەرهەنگیو واتایی رێزمـانی بکـەینو ئەوەش بکەینە پێوەرێك بۆ جیاکردنەوە.

لەراستیدا فەرهەنگ پەیوەستە بەلایـەنێکی ژمێـردراوی سـنوردار، هـەر رۆژە وشەیەکی فەرهەنگی نوێ سـەرهەڵدەدات، لەلایـەکی تـرەوە پەیوەنـدی بەهەنـدێ بەشـی داخـراو هەیـە وەك (ئـامرازی پەیوەنـدی کـە تارادەیـەك داخراون). ئەم بینەو بەردەیەش هەر بەردەوام دەبێت.

گیروگـرفتی دووەم بـەهۆی ئـەوەی کـە وشـە یەکەیـەکی دیـاری کـراوە بەئاشکرا، سەرهەڵدەدات بۆ نموونە:

Mappe du monde /mappemonde ئاساییە کە وشەکە (وشـەی یەکـەم) وەکـو یـەك وشـە باسـی لێـدەکرێت، بـەڵام ئـەم بـارە لەگـەڵ وشەی"mappe du monde" ناگونجێ، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کـە وشە رێکەوتنە، واتە کۆمەڵ لەسەری رێك دەکـەوێت، رێـك کـەوتنی زاراوەی زمانی نووسراوو جیاوازی نێوان وشەکان تـەنیا لـە بەرکارهێناندایـە واتـە " رێکەوتن"

توخمێکی تر دەچێتە سەر ئەو گیروگرفتانە باسیان لێوەکرا، ئەویش ئەوەیە کەهەنـدێ وشـە روون و ئاشـکرانین، کەچـی هەنـدێ وشـەی تـر زۆر روونو ئاشکران، وشەی روونو ئاشکرا ئەو وشانەن کەبەگشتی واتاکانیان بەنیسبەت توخمـە بنـچینەیەکانیان دەسـت نیـشان کـراوە. بـۆ نموونـە لـە وشـەی " maisoniette" کە بچووککراوەی خانووە پاشگری "ett e" گوزارشـت لـە

بچووك كردنەوە دەكات ئەمەش یاسایەكی گشتی نیە چونكە"tablette" بۆ مێزی بچووك بەكار نایەت، كەواتە" ناكرێ بەئاسانی دەستنیشانی وردی بەشە گرنگەكانی وشە بكرێت.

لە هەندێ وشەی تردا كە لە توخمی پێكهێنەر پێك نەهاتوون خودی وشەكە گوزارشت لەخۆی دەكات وەك مێوە"fruit"و گوڵ" fleur" و باران"pluie" ...هتد.

لە راستیدا لە دەستنیشانكردنی وشە وەك یەكەیەك بۆ شیكردنەوەی واتا كۆسپێكی تر هەیە ئەویش لە بوونی كون و بۆشاییە لە زماندا ئەمەش رامان دەكێشی بۆ درێژ دادری ئەمەش وەكو ئەو رێگایەیە كە زمانی فەرەنسی بۆ بەچكەی هەندێ لە ئاژەلەكان بەكاری دەهێنی، كە ئەمەش رێك وپێك نییە وەك: پشیلە "chat." "فەرخە پشیلە" "chaton" و " گوجیلە " "chiot" شێر"lion" فەرخە شێر"lionceau" . ئەم وشانە بەرامبەریان هەیە لە بچووك كردنەوەدا كە چی هەندێ وشەی تر هیچ زاراوەیەكیان بۆ ئاژەلی بچووك نییە وەك:" البرنیق""l،hippopotame" و پلینگ " leopart" و "كركدن" یەك شاخە "lerhinoceros" بۆ بچووك كردنەوەی ئەم جۆرە وشانە دەبێ پەنا بەرێتە بەر درێژ دادری وەك فەرخە پلینگ "bebeleeopart" ...هتد

لێرەدا دوو یەكەی واتاییمان هەیە بۆ دەربرینی راستییەك بەڵام لە بارەی رێژەی زاراوەی دەربرینی وەك:" هەستی بە ترس كرد"avoiroeur" دەبینین دوچاری هەمان گیروگرفتی نموونەی پێشوو دەبێتەوە. دەرئەنجام دەتوانین بڵێین، ئاسان نیە بڵێین وشە دەتوانێ ببێتە یەكەیەكی شیتاڵكردنی واتایی، تەنانەت

ئەگەر واتا ئاسانو فەرهەنگ ناسانیش بە ئاسانی بەكاریان هێنابێ، بۆ گەیشتن بە باسێكی لەبار بۆ واتا، پێویستە هەندێ لەو بنەمایانەی كە دەربارەی گیرو گرفتەكان، كە پێشتر ئاماژەیان بۆ كرا، هەڵبژێرین.

٢- رستە:

أ- رستە وەك بابەتی یەكەمی واتا:

بەلای هەندێ واتاناسان، هەروەك پێشتر دیتمان، واتا پێویستە پێش هەموو شتێك بایەخ بە وشە بدات، كەچی هەندێكی تر بە لایەنەوە ئەگەر واتای وشەكان گرنگی خۆی هەبێتو لە بەشەكانی تر باشتر بێت، پێویستە ئەم لێكۆڵینەوانەی دەربارەی واتا دەكرێت لەسەر ئاستی دەربڕین بێتو لەگەڵیدا بگونجێت.

بەواتایەكی تر ئەو شتەی كەدەبێتە بنج لە واتادا ئەو رێگایە یە كە واتای وشەكانی تێدا رێز دەكرێت بۆ رۆنانی واتای رستەیەك. بۆ نموونە ئەگەر رستەیەكی وەك (پیاوەكە پارەی دا بە كوڕەكە) وەربگرین دەبینین لەم گوتنە چەند دانەیەكی فەرهەنگی بنجی گوتنەكەمان پێك دەهێنێ كە(منداڵەكە پارەی دا بە پیاوەكە)یە. بەڵام واتای رستەی یەكەمو دووەم لێك جیاوازن، هەروەها ئەم بۆچوونە لەسەر ئاستی رۆنانی سەرەوەی زماندا كێشەی پەیوەندی نێوان رێزمانو واتامان بۆ دەخاتەڕوو.

ب- رۆڵی واتای رستە:

لە ماوەیەكی نزیك دا تارادەیەك، لایەنگرانی واتای رستە لە سۆنگەی ئەوەی كە رۆڵی واتا لەسەر دۆزینەوەی پێكهاتەی واتای گشتی گوتن


دەوەستێت و لە مانـای یەکـەکانی فەرهەنگییـەوە سـەرهەڵدەدات، بـۆ ئـەم مەبەستە چوون کە کێشەکە بەسـتراوەتەوە بـە تێبـینیو شـیکردنەوەی ئـەو گوتنانەی کەبەراستی قسەکەران بەپیێ ی کۆمەڵێك یاسا دەرییان دەبرن .

لەماوەی چەند سالێکدا توێژینەوەی زۆر فراوان لـە بـواری واتـا لەلایـەن توێژەرانەوە پێشکەش کـراوە، وەکـو (جیرۆلێـد کـاتس فـودور Jerrold " Katzet fodor" لە ساڵی ١٩٦٣ لە وتارێکدا بەناوی " ڕۆنانی تیۆری واتا "The structure of semantic"،ئـەم وتـارەش وەرگێـڕداوە بـۆ زمـانی فەرەنسی لـە سـالی ١٩٦٦-١٩٦٧ لـە ژێـر structure dune theroie francais semantique avec application au " ڕۆنـانی تیـۆری واتاییو پیادە کردنی لەزمانی فەرەنسیدا .

ئەم تیۆرە چوار ڕۆڵی بۆ تیۆری واتایی داناوە:

ڕۆڵی یەکەم:

دۆزینەوەی لێڵی (تەمو مژ) نارێزمانی، وەك بۆ نموونە بلێێن :(لیـستەکە تەواوە La note est justc) لە چوارچێوەی ڕێزمانەکـەی چۆمـسکی یـەوە ڕۆنانی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:



ئەوەی (کاتس‌و فودەر) لەم بارەدا تێبینیان کردووە ئەوەیە کە تەنانەت ئەم رستەیە ئەگەر تەنیا یەك رۆنانی هەبێت، ئەوا دیسان ئەم رستەیە رستەیەکی لێڵە، بەڵام ئەم کارە جیاوازە ئەگەر پەیوەندی بە نۆتی مۆسیقا یان نیشانەکانی ژمێریارییەوە هەبێت.

زانستی واتا سازی لە چوارچێوەی ئەم نموونەیەدا، لێڵی‌و نارێزمانی دەدۆزێتەوە.

رۆڵی دووەم:

دەست نیشانکردنی ژمارەی لێکدانەوەکانی رستە

لە رستەیەکی وەك:(لیستەکە راستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا، زۆر گرانە(La note est juste maisc'est qunad meme trop cher).دەکرێ بۆ قسەکەر ئەم نموونەیە روون بکاتەوەو تەمو مژیەکەی لەهەندێ بەشەکانی رستەکە برەوێنێتەوە، ئەمەش بە یارمەتی بەشەکانی تردەبێ، لێرەوە ژمارەی لێکدانەوەکانی گونجاوی رستەکە دەست نیشان دەکرێ.

رۆڵی سێیەم:

دۆزینەوەی نامۆکانی واتایی:

رستە وەکو " هونەری وێنە بێ دەنگە" بۆ قسەکەری (فرەنکۆفۆنیfrancofhonie) [1] بێ گومان رستەیەکی نامۆیە(واتە ئەم رستەیە نامۆیەکی واتایی دەنوێنێ) بەڵام قسەکەری بیانی لەهەموو بارێکدا

١- قسەکەری فەرەنسی یان ئەوەی بە " متفرنس" ناسراوە.

ناگاتە ئەم راستیە، بەپێی بۆچوونی (کاتس‌و فۆدور) ئەمە پەیوەندی بە تیۆری واتایی‌و توانایی دۆزینەوەی جۆری نامۆییەکەوە هەیە.

رۆڵی چوارەم:

دورست کردنی هەندێ رستە چ ئەو رستانە لێکدانەوەیی بێت یا نالێکدانەوەیی (تفسيرية ام غير تفسيرية). هەر قسەکەرێکی فرەنکۆفۆنی کارامەیەکی هەیە بۆ رۆنانی هەندێ رستە، جا ئەو رستانە لێکدانەوەیی بێت یا نالێکدانەوەیی بۆ رستەیەکی تر.

بۆ نموونە وای بۆ دەچین رستەیەکی وەك : (لیستەکە تەواوە، یا ئاگادارییەکە تەواوە) "La note est juste" ئەمە نامەیەك بە خۆدە دەگرێت کە لەناو نامەکەی قسەکەردا هەیە.

لەم رووەوە لەدوای چەند سالێك توانیمان دەست نیشانی هەندێ سیمای واتایی بکەین کە تیۆری واتایی بەهۆی ئەمانەوە توانی پێگەو بایەخێك بگەرێنێتەوە بۆ:

- هەرچەند راڤەی لێڵی‌و نامۆیی و لێکدانەوە، یان نوێ کردنەوەی ژمارەی لێکدانەوە لە بارەکانی رستە زۆر بێ ئەوەندە تیۆری واتایی بایەخ دەدات بە دەربڕینە هاودژەکانی وەك:

خۆشکە شوونەکردووەکەم شووی بە رەبەنێك کردووە.

- هەروەها بایەخ بەپەیوەندییەکانی نێوان دوو دەربڕینەکە دەدات.

وەك زۆربەی قوتابیەکان نەیانتوانی وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە تەنیاهەندێکیان لە چەمکی پرسیارەکە گەیشتن. دیسانەوە بایەخ بە پەیوەندی گرتنەوەیان گریمانەکانی دەدات وەك:

ئەحمەد چەند لە کیباك مایەوە؟ (Quebec)

لەوانەیە ئەحمەد بۆ ماوەیەك لە کیباك مابێتەوە. بە بۆچوونی هەندێك، واتا سازی دەتوانی ئەم جۆرە بارانە بەپێ ی مل کەچی، بە زۆری بۆ لۆجێك لێکبداتەوە، هەروەها دەبێ دوو جۆرە ڕاستی لێك جیابکرێتەوە:

- ڕاستیە پێویستەکانی بنیات نراوە لەسەر پەیوەندی لۆجیکی.
- ڕاستیە لەوانەکانی پەیوەنددار بە جیهانی واقعی یەوە.

بۆ نموونە دەڵێین: (هەموو زیندووەکان مردوو نین) ئەونموونەیە بۆ ڕاستی لۆجیکی یان ڕاستی شیکردنەوەی یە، بەپێچەوانەی گوتنی: (هەموو زیندووەکان بەختەوەرن) ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕاستی تێبینی کراو نەك دەست نیشان کردنی دانەکانی ڕستە، کە بە ڕاستی ڕۆنانی (داڕشتن) ناو دەنرێت.

لەو بارەی دوایی ڕستەکە دا دەڵێین کاتێك ئەو ڕستەیە لەرووی ڕۆنانەوە ڕاستە ئەگەر دوای گەرانو پشکنین بەدوای ڕاستی بۆ مان دەرکەوێ کە هەموو زیندووەکان بەراستی بەختەوەرن.

لە کاتێکدا، ئەگەر لەشیکردندا پشت بەم نموونەیە لە شیتاڵکردن دا ببەستین کە ڕەزامەندی بە باوەر بوون دەگرێتەوە بەوەی کە واتای زمانی سروشتی مرۆڤەو دەکرێ تەنیا لەسەر لێکدانەوەی پەیوەندی نموونەی لۆجیکی دابنرێت.

ج- سەختی ڕۆڵی شیکردنەوەی واتایی:

هەروەك بەرچاومان کەوت دەست نیشانکردنی وردی مەبەست لەواتای وشە کارێکی ئاسان نییە، سەرەڕای ئەمەش، واتا ناسان لەسەر بابەتی یەکەمی

واتایی ڕێك نەکەوتوون(واتای وشەکان یان واتای ڕستە). ئەوانەی کە وشەیان هەڵبژادووە وەك یەکەیەکی شیکردنەوە ڕووبەرووی چەندین کێشەی گەورە بوونەتەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی کە بایەخیان بە ڕستە داوە لایەنی جۆراو جۆریان داوەتە پاڵ تیۆری واتایی.

سەرەڕای ئەو کێشە چارەسەر کراوانە، ئەوەی کە ڕۆڵی واتایی ئاڵۆز دەکات لەراستیدا لەوەدایە کەزمان زۆر جار دەتوانێ بەهۆی ڕستەی پرسیارەوە پەیوەندی بکات یان مەبەستێك ڕابگەیەنێت، ئەوەی کە زۆر جار ڕستەکە بەرەو داخوازی دەبات لە جیاتی گواستنەوەی هەواڵ ئەمەش کاری ڕێژەی فەرمانە کە هەرگیز ناتوانین بلێین تەنیا دەبێتە مایەی گواستنەوەی هەواڵ.

ئەم نموونەی دەربڕینەش لەرووی واتایی یەوە بۆ فەرمان دان بەکار هاتووە" ئەم کارەم بۆ دەگەرێنییەوە لەماوەی دە خولەك؟" سەرەڕای ئەمەش زۆر جار ئێمە گوتن بۆ ئەوەی کار لەخەڵکی بکەینو قەناعەتیان پێ بکەین بە کاردەهێنین نەك هەر بۆ ئاگادارکردنیان.

هەندێ وشە بەکارهاتووە بۆ هیچ نیە بەڵکو بۆ ئەو کاریگەرییە یە کە لەوانەیە دروستی بکات بەتایبەتی لەبواری ڕامیاری، بۆ نموونە مامەلە کردن لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی حزبی ڕکە بەر "فاشی یان هاریکاری دوژمن دەکات" کە تەنیا مەبەست سوکایەتیو نارەزایی دەربرینە.

دەبێ ئێمە چۆن لەگەڵ ئەم جۆرە شیکردنەوەی واتاییە هەڵسو کەوت بکەین یان دەبێ هەڵوێستمان لەگەڵ ئەم جۆرە نموونانەدا چۆن بێت؟

گاڵتە جاری لە بەکارهێنانی زمان ئەمەش دەخرێتە سەر ئەم گیرو گرفتانە، بۆ نموونە ئەگەر بە کەچەلێك بلێین: سەرتاشەکەت کێ یە؟

زمان چۆن چارەسەری ئەم جۆرە بەکارهێنانە زمانیانە دەکات؟

د- زمانو تێروانینی جیهان:

بۆ زیاتر قوولّ کردنی چەمکی " بەها" لای سۆسێر، لە وشەی زمانی ئینگلیزی " ترێ" grape" دەکۆڵینەوە دەبنین بە واتای میوەی تازە یان ترێ بەکارهاتووە لەکاتێك دا وشە"raisin" بەواتای مێوژ بەکار دێت.

بەڵام لە زمانی فەرەنسی تەنیا یەك وشە بەکاردێت کە گوزارشت لەوجۆرە بداتەوە ئەوەش" raisin"ە.

زمانی ئیسپانی لایخۆی جیاوازی نێوان ماسی زیندوو(ئەوەی کەلەناو ئاودایە)و ئەو ماسییەی کەئامادەیە بۆ بەکارهێنان دەکات ئەویش بەهۆی دوو وشەی " Pescado،Pez " کە ئەمەش بە پێچەوانەی زمانی فەرەنسی یە کەتەنیا یەك وشە ی هەیە بۆ ئەم مەبەستە ئەویش " ماسی" "Poisson"یە.

دەتوانین بڵێین زمانی فەرەنسی لەهەردوو حاڵەتی "raisin" و "poisson" یەك وشەی هەیە کە گوزارشت لە هەردوو جۆرەکە دەداتەوە.

بەم پێ یە دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامە کە وشەی فەرەنسی "خورما" "Palmier" شەست چەمك دەدات بە دەستەوە هۆیەکەش لەوەدایە کەزمانە ئەفریقیەکان شەست جۆرە خورمایان هەیە.

هەمان کێشە لەگەڵ وشەی " بەفر" "neige" دایە، ئەم زاراوەیە لەزمانی فەرەنسی دا پەیوەستە بە بیرێك بەڵام لای ئەسکیمۆ چەندین وشە هەیە بەرامبەر بە وشەی بەفر بۆ نموونە بەفری کەوتوو، بەفری سەر زەوی، بەفری بەستوو، بەفری تواوە، بەفری تۆزاوی ..هتد ئەم کێشانە سەرنجمان بۆ وردکردنی هەندێ راستی رووت لەهەر زەمانێکدا رادەکێشێ ئەمەش بەگریمانەی" سابیر

وورف Sapir whorf" ناسراوە یان زۆر بەساکاری بە گریمانەی "Whorf" دەتوانێ گوزارشت لە رۆنانی زمانی سنوردار ،یان پێشتر دیاریکراو بکات، کە ئاراستە دەکات هەروەها تێروانینمان بۆ جیهان رێکتر دەخات.

هەندێ جار وا رووددەدات کەبەکارهێنانی هەندێ وشەی دیاریکراو ئاراستەمان دەکات یان هەڵسو کەوتمان بۆ بۆچوونێکی دیاریکراو دەبات، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە لەنزیك تانکی نەوت یان بەنزین کار دەکەن زیاتر خۆیان بۆ مەترسی یەکە ئامادەدەکەن بە پێچەوانەی ئەوەی کەلەسەر تانکی یەکان نووسرابێت بەتاڵن، دەبینین رەوشتو هەڵسو کەوتیان زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوە کەی پێشوو(واتە هێمنو ئارامن)

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەلەسەر تانکی یەکان نووسراوە بەتاڵن کە ئەمەش وا پێشان دەدات کەترسەکە نەماوە لەکاتێکدا تانکی یە بەتاڵەکان ترسناکترن چونکە پڕن لەهەڵمی بە توانا بۆ تەقینەوە.

ئەوەی "ورف Whorf" مەبەستی بوو گشتاندنێکی زیادە رۆییە، کە بینینی جیهانی لە زمانە هیندی ئەمریکیەکان لەگەڵ بۆچوونی میللەتانی تر ناگونجێت، یان میللەتانی تر ناتوانن وەکو هیندی ئەمرکیەکان بروانننە جیهان. زۆر هەڵەیە وابیر بکەنەوە کەزمانی فەرەنسی ناتوانێ گوزارشت لە شێوە، یان حاڵ، وەك کاتی بەردەوامیو کاتی بەیاریدەی ناو بکات.

بەڵام ئێمە هەست بە بوونی شێوە دەکەین، یان حاڵ لەهەندێ زمانانی تر بە ئاشکرا لەگەڵ ناو دا دەبنینن وەك ئەوەی لەگەڵ کاردا بەرچاو دەکەوێت، وەك وشەی خانوو وکاری رۆیشتن، ئەمەش" وورف" بۆ گرنگی وشەکان دەگەرێنێتەوە.

ئەگەر بەوردی ئەو شتانەی کە لەزمانی فەرەنسی روودەدات شیبکەینەوە هەست بەوە دەکەین کە پۆلی رێزمانی (یاسا) بۆ شێوە یا حالی هاوبەش لەگەڵ کاردا لەهەندێ لە ناوەکاندا دەدۆزینەوە، شێوە یان حال دەبێتە ناو، لەو وشەو دەستەواژانەی وەك: تۆ، گەنم، تازە لەدایکبوو، دەستگیران..هتد. هەروەها چۆن دەتوانین نکوڵی لە نیشانەی ناوی کاتی بکەین وەك:زاوای ئایندە، زاوا، دایکێکی لاو، دایك،..هتد.

هەموو شتێك وامان لێ دەکات کە باوەڕمان بەوە بێت کە بینینی جیهان وەك دەرکەوتنی لەبەرچاو –تایبەتە بەزمانەکانی هێندی ئەمریکی و هەمووشیان بەنیسبەت زمانی فەرەنسی ئاسانە گەیشتن پێیان بەو جیاوازییە نزیکەی کە زمانی فەرەنسی بەهۆی هەڵبژاردن لە ئاستی فەرهەنگدا گوزارشت لەوە دەدات کە زمانی " هوبی" Le hopi" لەرێگای پەیوەستکردنی بە یاساکانی زمانەکە دەری دەبڕێ.

ئەگەر ئەو بابەتەمان قەبوڵ کرد، دەتوانین زمانەوانێکی هوبی" hopi" وا ببینین ئەگەر زمانی فەرەنسی لەژێر رۆشنیایی زمانەکەی خۆی شیبکاتەوە – بەبێ شك- بینینی جیهانی بەشێوەیەکی زۆر نامۆ هەڵدەهێنجێ، ئەوەی کە لێرەدا پێی دەگەین داکۆکی کردنە لە رووداوێکی زۆر ناسراو لەبواری زمانەوانیدا، ئەمەش ئەگەر هاتوو زمان دابەشکردنێکی (کەرتی) هەلاوێردی راستیەکان بوو.

بەشی دووەم

لێڵی فەرهەنگی

بۆ دەست نیشان کردنی یەکەیەکی فەرهەنگی، دەبێ نیشانەی لێکۆڵراو لە واتایەك زیاتری نەبێت، یان هەڵنەگرێت.

بو نموونە بۆ چارەسەرکردنی وشەی " کورسی" بەرامبەری دەکەین لەگەڵ ئەوشتانەی کە بۆ هەمان مەبەست بەکار دەهێنرێت، بێ شك واتایەك یان چەند واتایەکمان دەست دەکەوێت کە بۆ هەمان بوار ناگەرێتەوە، هەردەبێ واتای " کورسی" بدۆزینەوە کە لەبنجو رونانێك پێکهاتووە، یان کۆمەڵە پارچەیەك کە پاڵپشتی ئامێرێکە وەکو کورسی لووتکەی زەنگ، یان کورسی ئاش یان کورسی دەستار..هتد.

لەراستیدا ئەو وشانەی کەهەڵگری یەك واتان زۆر دەگمەنن، کە پێوستە واتاناس هەولی تێگەیشتنیان بدات، کە ئەمەش کارێکیئەستەمە.

أ- فرە واتایی و رەگەز دۆزی:

کێشەی دەست نیشانکردنی هەمە جۆری واتای وشە لەچوارچێوەی زاراوەی رەگەز دۆزیو فرە واتای دەوروژێنرێ، فرە واتایی بەوە دەناسرێ کە ناوێکە(

دال) چەندین ناو لێنراو(مدلول) کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە گرێیان دەدات، بەڵام " دوال" کە چەندین ناولێنراوە، پەیوەندییان بەیەکەوە نیەو بە (هاوپیتو هاو دەنگ) ناسراون، ئەمەش لە فەرهەنگدا بەرچاو دەکەوێت.

بۆ نموونە وشەی نووسینگە(bureau) بە هاوبێژ دادەنرێت ئەگەر فەرهەنگساز تێبینی ئەوە بکات کە لەنێوان نووسینگە کەبریتییە یە لە مێزێکی کارکردنو نووسینگە وەك شوێنێك کە کارمەندان کاری تێدا دەکەن، ئەگەر هەست بەوە بکەین کەپەیوەندی لەنێوان ئەم دوو ناولێنراوانەدا هەیە دەڵێین: پەیوەندی بە رەگەز دۆزییەوە هەیە.

ئەم بۆچوونەمان بۆ لێڵی فەرهەنگی، بەم شێوەیە لە فەرهەنگدا دەگوازرێتەوە دوو وشەی وەك یەك لە واتادا(مەبەست رەگەزدۆزی) یە دەبنە مایەی بابەتی جیاواز، بە پێچەوانەی نیشانەکانی هاوبێژی،واتە ئەوەی ناولێنراوەکانیان شتێکی هاوبەشی گشتی دەیاننوێنێ، ناونیشانی جیاواز پێك دێنن، بۆ نموونە چەند لێکدانەوەیەك بۆ وشەی (مان گرتن" greve") واتە وەستان لەکارکردن، و رۆخی دەریا هەیە.

سیمای زاراوەیی بۆ چارەسەرکردنی بە ئارەزوو، بەنیسبەت فەرهەنگسازەکان ئەمەیان خستە روو کە پێوەری جیاکردنەوە لەنێوان رەگەز دۆزیو فرە واتایی هەموو کاتێك سەرکەوتوونییە.

یاسای گشتی لەپیادەکردن دا ئەوەیە کە دارشتن پێوەری یەکجارەکی دەداتە بابەت، هەروەك لە وشەی " رێگا"ی فەرەنسی هاتووە"rue" و" rue" رووەك، ئەم دوو وشەیە رەگێکی هاوبەشیان نیە چونکە وشەی یەکەم لە لاتینی "ruga" وەرگیراوەو وشەی دووەم لە " rula".

بەڵام وشەی " fugue" پارچە مۆسیقا، و "fugue" بەزین هەردوو وشەکەی سەرچاوەیان وشەیەکی ئیتاڵی یە کە "fuga" یە.

تەنانەت ئەگەر گریمان هیچ پەیوەندیەکی مێژوویی لەنێوان وشەی " greve" بە واتای رۆخی دەریاو، "greve " بە واتای وەستان لەکارکردن یان مانگرتن نەبێت هەر واتای " greve" مانگرتن لەمێشکمان دەمێنێت.

بەهۆی شارەزایی مێژوویی ئەو وشەیە نەك واتایەکەی تر کەبە رۆخی دەریا هاتووە، چونکە هۆی سەرەکیەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە کرێکارە بێ کارەکانی پاریس لەگۆرەپانی "greve" کەدەکەوێتە رۆخی روباری سین کۆدەبنەوە.

کێشەکە لەوە دایە کە ئەو شانەی خزمایەتی رۆنانی گرێیان دەدات، وابەرچاو دەکەون کەبەتەواوی لە خۆوەن.

بەڵام لەلایەن پێوەری دەربڕینی روخساری بەکارهێنراو(نووسین) هەندێ جار نەك ناوەڕۆك بۆ نموونە وشەی"conte" واتە دەگەرێتەوەو وشەی "compte" بە واتای دەژمێرێ، هەر دوو وشەکە رەگەز دۆزن.

بەڵام هەندێ جار دەربڕینی دوور هەیە وەك وشەی" dessin" وێنەو" dessein" بە واتای نەخشەدانان" تصمیم" کە لەو بارانەدا ناتوانین پەیوەندی خزمایەتی رۆنانی هەردوو وشەکە بشارینەوە.

بەڵام لەگەڵ باری دوو ناوی وەك یەكو جیاواز لەواتا، لێرەدا بێ گومان ناولێنراوەکە ناهێڵێ جێگۆرکێ ی ناولێنراوەکان بۆ هەمان چوارچێوە یان دەق بەکاربێت، بۆ نموونە بەزین" fuit"و"fugue" توخمێکە لەو جۆرەی کە یەکەکانی " fuite" و "escapade" ..هتد تێدایە.

لەسەر ئەوەی کە "fugue" (پارچـە مۆسـیقا) بەشـێکی جیـاواز پێـك دێنێتو لەگەڵ وشەکانی (sonate) ئاوازی مۆسـیقا(canon) رێکخـستنی دەنگی..هتد..رێزدەکرێت.

کەدەڵێین: پێنووسەکەم بدێ، دەفتەرەکـەم بـدێ، پێنـووسو دەفتـەر بـێ گومان یەکـەی جیـاوازن بەپێـچەوانەی گوتنمـان: پێنووسـەکەم بـدێ، ئـەو پێنووسە باش نانووسێت.

لێرەدا دەبنین وشەی" پێنووس" لەهەموو بەکارهێنانەکانیدا بەرامبەر بـە وشەی قەڵەم جاف، قەڵەم حوبر، (پەرەمووچـە)..هتـد دەوەسـتێت، کەواتـە لەهەموو بەکارهێنانەکاندا بابەتەکە هەمان یەکەی فەرهەنگی یە بەڵام کـاتی کە دەڵێین" لێکدانەوەی ئەم پارچە مۆسیقایە گرنگە"

باشترین ئاوازی مۆسیقا بۆ پارچەکانی مۆسیقا" هیچ گومانێك نییە کـە "fugue" پارچە مۆسیقا- وەك ئەوەی پێشتر باسمان کـرد- نـاگونجێ لەگـەڵ یەکەی" fugue" لەو دوو نموونەیەی خوارەوە:

بەزینی ئەو منداڵە دوو بارە دەبێتەوە

"Les fugues de cet enfant sont frequentes"

لەکاتی بەزینی جانتاکەی ون کرد.

ب- واتاو بەکارهێنان:

کێشەی لێڵی فەرهەنگی هەمیشە لەروانگەی فـرە واتـایی‌و رەگـەزدۆزی سەیر ناکرێت، بەڵام هەن لەوانەی بایەخ بە جۆراوجۆری واتای وشەیەك دەدەن، باشترین رۆنان کە ئەم رێرەوە بنوێنێ ئەوەیە کە:

(وشە لە دەرەوەی چوارچێوە بێ واتایە)

ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کەبڵێین: وشە واتاکەی روون نابێتەوە تەنیا لە بەکارهێنانی نەبێت، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بلێین: واتای وشە بـریتی یە لە کۆی بەکارهێنانەکانی.

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچـوونە دەتـوانین نموونـە بهێنینـەوە، وەك وشـەی " مێزtable" ئەم وشەیە لە رواڵەت دا سادە بەرچاو دەکەوێت.

ئەو وشەیە واتای چی یە؟

ناتوانین دەست نیشانی واتاکەی بکەین چونکە لە دەرەوەی چوارچێوەیەکی دیاریکراو دایە، ئەم وشەیەش واتای جـۆراو جـۆرو هەمـەرەنگ وەردەگرێـت بەپێ ی ئەو چوارچێوانەی کە تیایدا بەکاردێت.

بۆ نموونە:-

چوارچێوەی ١ = مێزی نان خواردن Table de salle amanger.

چوارچێوەی ٢= مێزی خشتەی ماتماتیكTable de mathmatiques .

چوارچێوەی ٣= مێزی ژوری نووستن Table de unit.

چوارچێوەی ٤= مێزی کردەکان(العملیات)Table d' operation.

چوارچێوەی ٥= مێزی جولاوTable tournate .

چوارچێوەی ٦- شەپکەدارێکی لووس Table rase.

چوارچێوەی ٧ = خشتەی ئەلفبا table alphabetique.

چوارچێوەی ٨ = خشتەی بابەتەکان Table matieres.

چوارچێوەی ٩= مێزی مێزگرد-کۆبوونەوە Table ronde.

چوارچێوەی ١٠ = ئامێری بیستن لە تەلەفۆن Table d' ecoute.

چوارچێوەی ١١= مێزی دانوستان Table negociations.

چوارچێوەی ١٢= خشتەی لۆگاریتمTable Logarithmes.

چوارچێوەی ١٣ = نووسینگە Table de travail.

هتد له چوار چێوەی جیاوازدا.

لەبواری تیۆری پەنا بردن بۆ بەکارهێنان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە نەفی هەمان لەوانەیی (احتمال) یان هەمان لەوانەکان بۆ هەموو واتاکان بکەین، چونکە ژمارەی چوارچێوەکان کەدەکرێ بیریان لێ بکرێتەوە بۆ یەکەیەکی واتایی سنوردارە، سەرەڕای ئەمەش هەندێ چوارچێوە هەیە کە ئەوەندەی واتا توانای هەست پێ کردنی تێدایە.

لەبواری پیادەکردن دا بەشی هەرە گەورەی فەرهەنگ دەکەوێتە ژێر تیۆری بەکارهێنان، ئەمەش هەمان شتە لەگەڵ گەنجینەی زمانی فەرەنسی قەبە" فەرهەنگی زمانی فەرەنسی هاوچەرخ" Larousse 1966" ، " Larousse 1975"و تا رادەیەك لەگەڵ فەرهەنگی (Robert) لە هەموو ئەم بارانەدا جیاکردنەوەی واتا هەمە جۆرەکانی وشەیەك وەك رەنگدانەیەك بۆ جیاکردنەوەی روخساری زمانی سەیردەکرێت.

روونکردنەوەیەکی تر بۆ تیۆری بەکارهێنان هەیە ئەویش جیاوازی واتایی دوو زاراوەی وەك هاودەنگ(تەواو)، کە چوارچێوە وا پیشان دەدات کەبڵێین: نووکی تیژ، یان نووکی باریك، بەڵام ناتوانین بڵێین پێلاوی تیژ، کەچی دەڵێن پێلاوی باریك.

هەروەها دەڵێین رکابەریەکی تیژو ناڵێین رکابەریەکی باریك ئەم نموونانە سنوری واتای وشە روون دەکەنەوە کە بەپێ چوارچێوەی بەکارهێنان نەبێت، دەست نیشان ناکرێت.

لەگەڵأ ئەوەشدا هەرچەندە چوارچێوە رۆڵێکی لە دەستنیشانکردنی (یان بارو یا شێوەی نازمانی) جۆرە واتای یەکەیەکی فەرهەنگی هەیە، وا دیارە باشترە مل کەچی ئەوەبین کە ووشە هەڵگری چەندین گریمانە یا واتایە، واتە، لەچوارچێوەی جیاواز دەتوانێ ئەم واتایانە بداتە دەست.

ج- شێوەکانی لێڵی:

ئەو وشانەی کە هەڵگری تاقە واتایەکن لەزماندا زۆر دەگمەنن، زۆربەی یەکە فەرهەنگیەکان پتر لەواتایەکیان هەیە.

کێشەی لێڵی فەرهەنگی لە کوێ سەرهەڵدەدات؟ لای زۆربەی زمانەوانەکان لێڵی لەوەوە سەرهەڵدەدات کە وشەیەك پتر لە یەك شیکردنەوە دماناى هەبێت.

بەڵام بەلای ئێمەوە کە باوەڕمان بە لێڵی هەیە، بەزۆری ئەوکاتە لێڵی دروست دەبێت کە قسەکەر لە هەڵبژاردنی کەرەسە بۆ لێدوان توشی گرفت دەبێ. کاتی کێشەی هەڵبژاردن لە لێدوان لەگەڵ گوێگردا دەخرێتە روو.

لەراستیدا، لەکاتی پەیوەندی زمانی دا رەگەز دۆزی بەنسبەت قسەکەر بوونی نییە، ئەوەی کەدەڵێ /so/ بۆ نموونە پێشتر دەزانێ کە مەبەستی (seau) دەولك یان (sot) گێل یان (sceau) مۆرەیە.

بەڵام بەگوێرەی گوێگر یان وەرگر کە کێشەی هەڵبژاردن رووبەرووی دەبێتەوە، ئەگەر خۆی لەبارێك دیت کەئەستەمە دووبارە هەڵبژاردنەکان بۆ قسەکەر بگەرێتەوە، ئەو هەڵبژاردنانەی کە کۆتاییان بەدانانی واتایەك لەواتایەکی تر دەکات، دووبارە دارشتنەوەی لەلایەن گوێگرەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی قسەکەر لەرێگای یاسا زمانیەکانی یەوە دەبێت.

بەواتایەکی تر ، تەنانەت، ئەگەر وەك شتێکی ئاسایی بۆمان دەرکەوێت دەبێ بزانین کە لێڵی زمانی پەیوەستە بە لیستی یەکەکان لەبارێکدا کە کردنەوەی هێماکانی هەڵبژاردنی زمانی قورس بێت. کەواتە پێویستە سەرچاوە و واتاسازی تێکەڵ نەکەین، بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە وامان لێنەکات کە باوەڕمان بە پێوەندی نێوان سەرچاوە و واتاسازی نەبێت.

لەدوخی جێناو یان ناوی تایبەتی، ئەو ڕووداوەی کە نایزانین ئەوەیە کە کێ دەڵێ؟ چ دەڵێ؟ بۆکێ دەڵێ؟ لەدەربڕینێکی دەرەوەی چوارچێوەی (سیاق)و دەرەوەی شوێن و پایە وەك: ئەو پێی گوت، ئەم دەربڕینە هیچ لێڵی لەئاستی واتادا تێدانیە، تەنیا لێڵی پەیوەندی بەئاستی سەرچاوەوە هەیە ئەگەر بەپێچەوانەوەش بێت پێویستە ئەوە بڵێین کە هەموو ڕستەیەك کە بکەری (جێناوی کۆ) بێت وەك (شتێکیان پێ گوتین) بەتەواوی لێڵە.

لەگەڵ جێناوەکاندا لێڵی بۆ دەست نیشانکردنی کەسەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لەگەڵ وشەیەکی وەك (خانوو) ئەم وشەیە پەیوەندی بە یەکەیەکی فەرهەنگی لێڵ هەیە، چونکە نازانین ئەم خانووە چەند ژووری تێدا هەیە، چەند کەس دەژیت، لەکوێ یە؟..هتد.

د- شوێن‌و لێڵی:

ڕای(بلوم فیلد) کە سەرچاوەیەکی زمانەوانی ڕەوشتی بوو، و بۆ ماوەی چل ساڵ باڵی بەسەر گۆڕەپانی زمانەوانی ئەمریکی داگرتبوو، واتە لە (بیستەکان تا هەشتاکان). واتای دەربڕینێکی زمانی بەپێ ی شوێنەکەی (بارودۆخ) دەست نیشان دەکرێت، ئەم دەستنیشانکردنە کێشەی ڕۆڵی، دۆخ لەبارێکی نازمانی [2] لە لێکدانەوەی واتایی دەربڕین دەوروژێنێ.

بەڵام بە بۆچوونی (کاتس‌و فودور) "Katz et Fodor" ناکرێ لێکدانەوەی ڕستە لە چوارچێوەی ژینگەی زمانی یا کۆمەڵ ئەنجام بدرێت ئەگەر ئەو واتایەی نەبووبێ، کاتێ دابڕاو بووبێ یان دوور بووبێ لە چوارچێوەکەی.

٢- دەرەوەی زمانەوانی.

دەتوانین بڵێین دەستنیشانکردنی لێکدانەوەکانی ڕستە بەپێ ی دەوروبەر.

دەبێت لێکدانەوەکان بەپێی ئەو هەڵبژاردنانە بێت کە بەتەنیا وەریانی گرتووە، ئەمەش شوێن‌و بارودۆخ دوور دەخاتەوە لە چوارچێوەی زمانەوانی وەك ئەم ڕستەیە: (نۆتەکە ڕاستە) ئەگەر ئەم گوتەیە لە هۆڵی مۆسیقا یان لە چێشتخانەیەك بگوترێت، بەو پێیەی کە پێشتر ڕوونمان کردەوە.

پێویستە تێبینی ئەوە بکەن کە بەکارهێنانی ئاسایی زمان(یش)، لە سەختی لێکدانەوە بە دوور نیە تەنیا بە هەڵاوێردن نەبێت. لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەموو دەربڕینێك لەجیهانێکی گوتنی تایبەت پێش کەش دەکرێت، واتە بەپێی بوارێکی دیاریکراو یان چوارچێوەیەکی ناسراو دەست نیشانکراوە.

بەڵام هەندێ لێڵی ڕاستەقینە کە لەکاتی دەربڕینی گوتن سەرهەڵدەدات کە یان بۆ تێنەگەیشتن‌و تێنەگەیشتنی سروشتی نەویستی نێوان دوو قسەکەر دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئارەزوویەك لەسەر لێکۆڵینەوەی لێڵی بەشێوەیەك کەدەستکاری وشەکان بکرێت یان شوێنی پیتەکانی یەکەمی دوو وشە یان زیاتر لە بەکارهێنانی زمانیدا بگۆڕێت کە خاوەنی هاو واتان.

وا پێدەچێت ڕەوا نەبێت بڕیار لەسەر چوارچێوەی زمانی‌و هەڵوێست‌و باری دەرەوەی زمانەوانی کە لێڵی دەرەوێننەوە بدەین، ئەوەی کە لێڵی زمانی دروستی دەکات هەر تەنیا لێڵی یەکی لەوانەیی یە.

لەم ڕوانگەیەوە کەنوێنەری یەکێ لە ئەرکەکانی تیۆری واتاسازی یە، ناچار دەبین ئەو ڕێگایە بزانین کەدەبێتە هۆی هەڵبژاردنی لەنێوان چەندین واتای لەبار بۆ یەکەیەکی فەرهەنگی.

بۆچوونەکەی پریتو(Prieto) شایانی ئەوەیە لەسەری بوەستین.

به گوێرەی (پریتو) خاڵی دەست پێکردنی شیکردنەوەی راستەقینەیی زمانی دەبێ لە چوارچێوەی رووداوی بەرجەستەو هەستپێکراو دابنرێت: واتاو کاری گوتن. واتابە پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەو دەناسرێت کە دەربڕ[٣] دەیەوێ دروستی بکات.

کەئەمەش ئامانجی هەموو کردەیەکی گوتنە، واتا دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان (أ) دەربڕ و (ب) وەرگر. بۆ نموونە بۆ دروستی کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بابەتێك (أ) فەرمان لەسەر (ب) دەکات بۆ ئەوەی قەڵەمەکەی بۆ بگەرێنێتەوە، (أ) گۆ دەکاتو دەردەبڕێت بە (بۆم بگەڕێنەوە). ئەم نموونانە لە نووسراوەکانی پریتو(prieto) بە هێمای دەنگی پێش کەش کراوە.

لە کردەی گوتنی سادەدا دەبینین گوتنێك هەندێ واتا هەڵدەگرێو وە هەندێکی تر لا دەبات، گریان (ب) دوو قەڵەمی هەیە، قەڵەمێکی رەش کەئێستا پیێ ی دەنوسێت، قەڵەمێکی سوور کە لە چەکمەجەی مێزی ئۆفیسەکەیدایە.

دەبینین گوتنی (قەڵەمەکەم بدێ) کە (أـ) دەری دەبڕێ، واتا (داوای قەڵەمی سوور)و(داوای قەڵەمی رەش) لەیەك کاتدا هەڵدەگرێت، ئەم گوتەیەش(داواکردنی دەفتەر) دوور دەخاتەوە، یان (داوای راستە) هتد بەلاوە دەنێ.

کەواتە ئەمەیە رۆڵی گوتە لە دروست کردنی واتادا، کەهەندێ واتا وەردەگرێتو هەندێکی تر وەلا دەنێتو پشت گوێ ی دەخات.

٣- دەربڕ- قسەکرەو گوێگر دەگرێتەوە کە بۆ هەردووکیان بەکاردێت.

بەڵام (پریتو) Prieto بەردەوام دەبێت لەسەر بیرۆکەی خۆی کە گوتە بەتەنیا بەس نیە بۆ دروست کردنی واتا.

ئەگەر دەستەواژەی (قەڵەمەکەم بدێ) رێگا بدات بە وەرگرتنی واتاکانی وەك : داواکردنی قەڵەمی رەشو داواکردنی قەڵەمی سوور، لێرەدا هیچ گوتەیەکی لێڵ نامێنێت، چونکە بێ شك دەبێ بارودۆخی روودانی گوتەکە بێنینە ئاراوە.

شوێنو باری گوتەکەش هەوڵ دەداتو کار دەکات بۆ چەسپاندنی یەکێ لە واتا لەبارەکان.

ئەگەر گوێگر بە قەڵەمی رەشی بنوسیبایەو قەڵەمی سوور لەناو چەکمەجەکەی مێزەکەی بوایە، وا تێدەگەیشت کە قسەکەر داوای قەڵەمە رەشەکە دەکات.

هەروەها لەسەر بۆچوونی (پریتوPrieto) هەموو رووداوێکی گوتەیی، دەربڕینی دەنگی هەندێ واتا وەردەگرێتو هەندێکی تر دوور دەخاتەوە، وەرگریش دەربڕینەکەی تایبەت بە واتایەك لەو واتایانەی کە هاتووە تەرخان دەکات بەپیێ ی بارودۆخەکەی. لێرەدا دەبینین (پریتوPrieto) رۆڵی شوێن کە نرخی نازمانی هەیە روون کردۆتەوە، یان شوێنو بار دەخاتە دەرەوەی زمانەوانی، بەڵام بە توخمێکی گرنگی رووداوی گوتن یان پەیوەندی زمانی دادەنێت.

بەشی سێیەم

واتای وشە

دوو ڕێڕەو لای واتاناسەکان هەیە، ڕێڕەوی یەکەم: دەڵێ ڕستە توخمێکی بنجی یە بۆ واتا، بەڵام وشە بەشێکە، پارێکە لەم توخمە گشتی یە، واتە ئێمە لە گشتەوە دەست پێ دەکەین، واتە" لە ڕستەوە دەتوانین بیگەێنی‌و لە ڕێگای زانیاری واتای ڕاستەقینەی بەشە پێکهێنەکانی ئەو گشتە دەست نیشان بکەین.

یەکێ لە هاندەرەکانی ئەم بۆچوونە هەروەك پێشتر ڕوونمان کردەوە: واتای ڕستە هەمیشە گەورەترە لەنرخی واتای ئەو وشانەی کەپێکی دەهێنن لێرەدا نموونەیەك دەهێنینەوە: منداڵەکە درهەمێك بە پیاوەکە دەدات.

پیاوەکە درهەمێك بە منداڵەکە دەدات.

ڕێڕەوی دووەم: لەوەدایە کە لێکۆڵینەوەی واتای یەکەکان بەتەنیا مافی سەرەکی هەیە لە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان واتای وشەکان لە بەکارهێنان دا(واتە لەچوار چێوەدا، چونکە وشە دەبێتە مایەی ڕۆنانی ڕستە).

ئەو واتاناسانەی بایەخ بە ڕستە دەدەن تێبینی ئەوەیان کردووە کە بابەتی واتاسازی فەرهەنگی پێویستە چونکە وشەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن.

بەم شێوەیە دەبینین ئەم کارە بە دوو ئاستی شیکردنەوەی واتایی یەوە بەندە، بەم پێیە پێویستە ئاماژە بە وە بکەین کە زۆربەی واتاناسە ڕۆنانیەکان بایەخیان بە وشە داوە، لە کاتێکدا بەشێکی هەرە گەورەی واتاناسە

بەرهەمهێنەکان گرنگیان پێشتر بە لێکۆڵینەوەی ڕستە داوە.(بۆ گەیشتن بە دەست نیشان کردنی واتا کە واتای وشە چارەسەری دەکات).

بۆیە ئەم بەشەمان بۆ لێکۆڵینەوەی واتای وشە تەرخان کرد، هەر بەم شێوەیش بەشەکەی تر بۆ لێکۆڵینەوەی ڕستە واقت وڕنەمێنی‌و سەرت نەسووڕێ.

زۆربەی ئەو نووسەرانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە بە واتاساز لە گرووپی ڕۆنانکارییەکان(بە تایبەتی ئەوروپییەکان) دادەنرێن.

أ- کێلگەی واتایی:

١- گریمانەی تریر(Trier):

کۆکردنەوەو داڕشتنی بیرەکان بە شێوەیەکی پتەو بۆ (جوست تریر jost trier)ی ئەڵمانی دەگەڕێتەوە کە گریمانەکەی لەسەردەمی خۆی (نزیکەی١٩٣٠) سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو کە گەلاڵەی کردووەو لە ڕێبازێك یان پرۆگرامێك داڕشتووە ،دەکرێ بەم شێوەیە کورتی بکەینەوە:

- کۆی گوتنەکانی زمانێکی دیاریکراوە دەبێت لەسەر بنەمای زنجیرەیەك لە کۆمەڵە وشەیەك یان (کێلگەی فەرهەنگی) بنیات نرابێ هەر کۆمەڵەیەك ڕووبەرێکی دیاریکراو لەئاستی چەمکەکان(کێلگەی بۆچوونەکان) دەگرێتەوە، سەرەڕای ئەمەش هەر کێلگەیەك لەم کێلگانە چ فەرهەنگی بێت چ بۆچوون لە زنجیرەیەك لەیەکەی تەنیشت یەك کە وەکو بەردی فسیفساءوایە پێکهاتوە.

(ترێر) وای بۆ دەچێ بۆچوونەکانمان هەموو راستیەکان دادەپۆشێت بەوەی کە هەر گۆرانکاریەك لە بۆچوونەکان دەبێتە هۆی گۆرانکاری لە سنوری بۆچوونی خەڵکانی ترەوە.

ئەگەر هەر کێشەیەك لە کێڵگەیەك لە کێلگە فەرهەنگییەکان هەبێت، یا هەر گۆرانێك لە ئاستی چەمکەکان رووبدات لەسەر ئاستی ئەو وشانەی کە دەریان دەبڕین رەنگ دەداتەوە واتە وشەکانو چەمکەکان پەیوەندیان گۆڕینەوەیە.

ترێر " Trier" لە کتێبەکەیدا: (یەکەکانی ئەڵمانی لە پێوەری بۆچوونی درك پێ کردن (Le vo cabulaire allemand dans le secteur conceptuel) لەم کتێبەدا لە کیلگەی بۆچوونی زیرەکی لە زمانی ئەڵمانی لە سەردەمی کۆنو ناوەند لەلای نووسەرە سوفیگەریەکانی سەدەی سێزدەو چواردەی کۆلیوەتەوە.

"ترێر" وا پیشان دەدات کەیەکەی درك پێ کردن کۆمەڵەیەکی رێكو پێکەوە توخمەکانیان وەك سیستەمی فسیفساءیەك دەگرنەوەوە ویتەون، لێکۆڵینەوەکانی" ترییر" سوود بەزانیاری رۆنانی یەکەکان لەماوەیەکی دیاریکراو دەگەیەنێ، بەڵام هەندێ سەختی دەنوێنێ، چونکە بوارەکەی لەو بوارەی کە پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە هەیە پەنگی خواردۆتەوە ئەرکی جیاکەرەوەش لەدەرەوەی ئەم دا وەك پێویست نیە، بە دەربڕینێکی تر دەڵێین: لە بواری فیزیاوی‌و بەرجەستەیی هەموو شتێك بەرەوە ئەو باوەڕەمان دەبات کە پێچەوانەی ئەوەی لەفسیفساءدا دەیبینین چەندین زاراوەی زۆرو تێکچرژاو هەیە.

سەرەڕای ئەوەی کەلێکۆڵینەوەکانی" ترێیر" لە بۆچوونو چەمکەکانەوە سەر هەڵدەدات بەڵام هیچ گرنگی یەك بەو گۆرانکاریانە نادات کە لە لایەنی دەنگی‌و واتایی بەدرێژایی رۆژگار کاریگەرن بەسەرزمان بەکورتی: ئەو رێگایەی کە بەکارهاتووە زیاتر سوودی خەملاندنی هەیە لەوەی کە زانستی بێت، چونکە توێژەر پشتی بەهیچ پێوەرێکی دیاریکراو نەبەستووە کەوای لێبکات وشەکان لە کێلگەی دیاریکراودا پۆل بکات.

٢- کێشەی دەستنیشانکردن:

هەرچی بووە و دەبێت، ئەوا گریمانەی سیستەمی ناولێنراوەکان لەکیلگەی واتایی دا بە هەنگاوێکی گەورە لای واتاناسەکان دادەنرێت.

باشتر وایە لای قۆناغەکانی توێژینەوەی واتایی ئەم نموونەیە هەڵوەستەیەك بکەین.

لە لێکۆڵینەوەی کیلگەی واتایی دا کێشەیەکی سەخت لە سێ ئاستدا دەردەکەوێت ئەویش کێشەی دەستنیشانکردنە.

- دەست نیشانکردنی کیلگەی واتایی.
- دەست نیشانکردنی ئەو یەکانەی کەبەشێك لەکیلگەکە پێك دێنن.
- دەست نیشانکردنی گیلگەکان لەنێوان خۆیاندا.

أ- دەست نیشانکردنی کیلگەی واتایی:

بۆ ئەوەی باش لە مەبەستی دەستنیشانکردنی کیلگەی واتایی بگەین، بەخەیاڵ خۆمان لەجێگای واتاناس دادەنێین کاتێ کە بابەتێك وەردەگرین، توێژەرەکان تێبینی ئەوەیان کردووە کە چۆن واتاناس هەڵسو کەوت دەکات.

واتاناس پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە بەهۆیەوە رۆنانی بناغەی واتایی لەسەر کۆکردنەوەی یەکگرتووی بناغەکان بنیات دەنرێت.

بڕیاری یەکەمی وەرگیراو ئامانجی خۆی دەبێت لەبواری توێژینەوەکە بۆ نموونە، ئایا لێکۆڵینەوەکە پەیوەندی بەبواری فەرهەنگی رەنگی رووەکەکان دەبێت ، یان پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی خزمایەتی مەعریفی هۆکارەکانی گواستنەوە ؟ ...هتد

وەڵام دانەوەی ئەم دوو پرسیارە لەوانەیە بۆ رێککەوتن یان بەرێکەوت (صدفە) بگەرێتەوە زیاتر لەوەی کە بۆ کەسایەتی توێژەر.

ب- دەست نیشانکردنی یەکەکان:

بواری هەلبژێراو بۆ لێکۆڵینەوە پەیوەندی بە دەست نیشانکردنی یەکەکانی فەرهەنگی یەوە هەیە، ئەو پێوەرەی کە بۆ دەست نیشانکردن بەکاردێت چی یە؟ گریمان بۆ نموونە ئەو بوارەی کەپیادە دەکرێت بواری کێڵگەی واتایی وشەی (کورسی) " siege" یە لەزمانی فەرەنسی دا، بەپێ ی هەر پێوەرێك دەتوانین هەر وشەیەك لەم وشانەی خوارەوە رێز بکەین یان لایان ببەین:

برادەرێکی دڵسۆز- ناراستەوخۆ- کورسی عاج- شوان- کورسی گەورەو تەنیشت بەرز- بەلەم- کورسی باخچە.-تەختەی ئۆفیس...هتد

دەستەواژەی " برادەرێکی دڵسۆز" پەیوەندی بە یەکەیەکی فەرهەنگی هەیە کەبەهیچ شێوەیەك ناچێتە ناو ئەو کێڵگەیەی کە مەبەستە چونکە پەیوەندی بە کەسانێکەوە هەیە.

ئایا ئەمەئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە تەنیا دەست بەو وشانەوە دەگرین کە واتای کورسی دەدەن؟

لەو بارانەدا دەبێ ئێمە کورسی عاج بەلاوە بنێین.

ئایا کیلگەی واتایی کورسی لە زمانی فەرەنسی لە فەرەنسادا یەکسانە لەگەڵ کیلگەی واتایی کورسی لە زمانی فەرەنسی لە کیباك (Quebec)؟

ئەگەر بەختمان بکرێتەوە لەو رۆژانە لە فەرەنسا لەو ماوەیەدا بۆ دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆری کورسی گەورەی بە دەسك و بەرز، یا تەختی خەوتنی پشووی نیوەرۆیان ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو ئەم جۆرانە لە کیباك دا دەست دەکەوێت، بەم جۆرە نەبوونی ئەم جۆرە کورسیانە وا دەکات کە ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکی کیباك ئەم وشەو زاراوانەی پەیوەستە بەم جۆرە کورسیانە بزانن. دەبێ چ بکەین لە باری داهێنانی شتی نوێ دا، ئەو شتەی کەدەتوانین لەسەری دابنیشین؟

بۆ نموونە کاتێك لە بازاردا جۆرێك لە کورسی دەردەکەوێت کە بەدیوار هەڵدەواسرێت یان لە سەریا دەلەرێتەوە هەندێ یەکەی وەك کورسی لەریو، کورسی هەڵواسراو..هتد. سەرهەڵدەدات، ئەم یەکانەش لە دوکانو شوێنی تایبەت بەکەلوپەلی ناو ماڵ بەکاردێت.

سەرەڕای ئەم دابەش بوونەی زمانی تایبەت بە هەمان یەکەکان: " کورسی هەڵواسراو" ئایا ئەو کورسییە یە کە هەڵێدەواسین یان کورسی هەڵواسراوە؟ ئەم پرسیارە گرنگی خۆی هەیە چونکە رێژەی کورسی یەکان لە زمانی فەرەنسی دا تایبەتە بەیەکەکانی ناوەندی لێکدراو یان پێکهاتوو بە یارمەتی وشەی " کورسی" کورسی ئۆفیسی، کورسی باخچە، کورسی

شیرخۆره، كورسی درێژ، كورسی چەماوە كورسی لـەرینو، كورسـی پێـچراو، كورسی بەرز، كورسی كارەبایی..هتد.

ئەمە سەبارە ت بە یەكەی "كورسی" بوو هەمان شت لەسەر دەستەواژەی پێكهاتوو لە " كورسی" كورسی شیرەخۆر، كورسی مـاتۆر پیـادە دەكرێـت، ..هتد. هەروەها تەختی جولاو، تەختی تیپی مۆسیقا..هتد.

بەهەمان شێوەی لەگەڵ وشەی" مقعد" كوشن، كوشنی بێستان، كوشـنی پیانۆ، كوشنی مەیخانە..هتد.

پێوستە لێرەدا ئەوە بە بیر خۆمان بهێنیینەوە كە هەڵبژاردنی یەكەیەكی دیاریكراو لەوانەیە بۆ پێكهێنان لە كێلگەیەكی واتایی پێـشووی كـە باسمـان لێوەكرد ببێت.

ئەوەی پەیوەندی بە هاوبێژ یان رەگەز دۆزیەوە هەیە یەكـەی پـارێزراوە، بۆ هەڵاوێردنی كێڵگەی كورسی بۆ نموونە چـەندین جـۆری واتـایی كورسـی" siege" دەردەكەوێت.

كورسی كۆمەڵایەتی	siege social
كورسی فەرمانڕەوا	Siege d'un tribunal
كورسی پێغەمبەرایەتی	siege apostoliqe
فەرمانی شار	siege d une ville
باری ئابلۆقە	un elate de siege

ج- دەست نیشانكردنی كێڵگەكەكان لەناوخۆیاندا:

گریمان ئێمـە چـەند كێڵگەیـەكی واتاییمـان رێـك خـست، لێـرەدا ئێمـە رووبەرووی كێشەی پەیوەندی چەند كێڵگەیەك لەنێو خۆیانـدا دەبینـەوە، بـە واتایەكی تر دەڵێین: رادەو پلەی چوونە ناو یەكی كێڵگـەكان (ئەگـەر چـوونە ناو یەك هەبێت).

لەكاتی لاربوونی یەكەكانیان چەندە؟

لەسەر وتە و دەربڕینی(تریێر) یەكـەی فەرهـەنگی زمـانێكی دیـاریكراو وەكو زنجیرەیەكی كێڵگە هاوسێكان سەر هەڵدەدات بـێ ئـەوەی هـیچ كـونو كەلەبەر یا چوونە ناوێك هەبێت وەك فسیفساء لەگەڵ ئەوەشا كێشەكە هـەر دەمێنێتەوە.

٣- بۆچوون:

شیكردنەوە لەناو كێڵگەی واتاییدا چـاكەكەی بـۆ (تـریێر) دەگەرێتـەوە، بەڵام چەند ساڵێكە فەیلەسوف(جیل جاستون فرانجـی) ((Gilles Gaston Granger)) لەسەر زۆربـەی لێكۆڵینـەوەكانی ئێـستا كێڵگـەی واتـایی لـە كتێبەكەی دا بەناوی " چەند هەوڵ دانێك لـە " بـواری فەلـسەفەی شـێواز" سەڵماندوویەتی. "Essai d'une phlilosophie dustgle 1968"

لە روانگەی " فرانجی" بۆ نموونە ناكرێ بە تەنیاو دابڕاوی یەكـەی خـانوو باس بكەین هەروەك " مۆنان" [٤] بەم شێوەیە باس دەكـاتو شـیدەكاتەوە،

٤- مەبەست جۆرج مۆنان George Monunin خاوەنی كتێبی كێڵگەكانی زمانـەوانی یە.

بەڵام دەبێ یەکەی فەرهەنگی لەرێز چەند بۆچوونێکی جیاوازەوە سەیر بکرێت وەك: لەرووی بیناسازی یەوە، لەرووی نیشتەجێ بوونەوە، لە رووی هونەری بیناسازی یەوە..هتد.

هەندێ وشە پتر لەیەك کێلگەی واتاییان هەیە، واتە لە یەك کاتدا لە چەند کێلگەیەکدا هەن وەك وشەی "مانگا" کە دەکرێ بخرێتە ریزی کێلگەی واتایی ئاژەڵە چوارپێ یەکان واتە لەگەڵ بەراز، شێر، پشیلە...هتد" پۆلێن بکرێت.

لە هەمان کاتدا دەکرێ لەگەڵ ئاژەڵە کاوێژکەرەکان دابنرێت. وەك: زەرافەو حوشترو مەڕ..هتد. هەروەها لە کۆمەڵەی ئاژەڵە ماڵیەکانە واتە لە پۆلی" مەڕ ، ئەسپ، مریشك..هتد"دادەنرێت سەرەڕای چەندین پۆلێنی تر.

بۆ دۆزینەوەی رێکخستنە جیاکانی هەمان کۆمەڵە یەکەکان" فرانجی" رووی لەرێگای دابەشکردنی هاریس "Harris" کرد، بەڵام بەداخەوە جەختی لەسەر بەکارهێنانی هەست پێکراوی شیکردنەوەی دابەشکردنی هاریس نەکرد هەروەها لەسەر پێوەری دەست نیشانکردن نەرۆیی کە کرۆکی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا رەسەنایەتی خستنەڕوو بۆ "فرانجی" دەمێنێتەوە کە شایانە بەرچاو بگیرێت.

ب- پەیوەندییەکانی واتا:

سەرەڕای بایەخ دان بە پەیوەندی نێوان وشەکان لەناو کێڵگەی واتایی دیاریکراودا، واتاساز داوای لێ دەکرێت چارەسەری هەندێ نموونەی پەیوەندی

نێوان یەکەی دیاریکراو بکات، لێرەدا هەوڵ دەدەین دوو نموونەی تایبەت بە پەیوەندی واتایی وەربگرین ئەویش هاو واتاو گرتنەوەیە.

١- هاو واتا: بە واتایەکی فراوان، ئەو وشانەی کە جیاوازن لە روخسار و دەربڕین دا و وەك یەکن لە رووی واتاوە.

ئەمەش ئەو واتایەیە کە دراوەتە هاو واتا لە فەرهەنگە تایبەتیەکاندا. بەهەمان شێوە و چەمك وادەزانین لیستی وشە هاو واتاکان دەبێ تا رادەیەك درێژ بێت، چونکە کەمتر لە پەنجا زاراوە نادۆزینەوە کە ببێتە هاو واتا بۆ وشەیەکی وەك:

وەری گرت	prendre
گرتی	saisir
دەستی کەوت	empoigner
هەڵی گرتەوە	attraper
دەستی بەرسەر داگرت، گیرا	capturer ...هتد

لە فەرهەنگی تایبەتی وشە هاو واتاکانی بناك "Benac" کارەکە پەیوەستە بەو وشانەی توانای گۆڕینەوەیان لەنێوان خۆیاندا هەیە.

واتە لەوانەیە وشەیەك شوێنی وشەیەکی تر لە دەربڕینێکدا بگرێت.

لە واتا سازیدا رودەکەینە پێناسەیەکی تەسكو سنوردار بۆ هاو واتا کە بریتی یە لە : ئەو وشانەی کە لە هەموو چوارچێوەو بەکارهێنانێك دا دەتوانین بیانگۆڕینەوە یان لەبری یەکتر بەکاریان بهێنین، ئایا هیچ دوو وشەی وا هەیە کە توانای گۆڕینەوەیان هەبێتو هەمان واتا هەڵبگرن لە هەموو بەکارهێنانەکاندا؟

زۆر کەمن ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی ها واتای راستەقینە هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر ئەم دوو وشە فەرەنسی یە وەربگرین گوندۆرەی سوور "Pasteque" کالەکی سوور "Melon d' eau" دەبینین وەکو یەك بۆ هەمان واتا بەکارهاتوون، بەڵام دەتوانین بڵێین ها واتای تەواون؟ لەراستیدا ئەگەر دوو وشەی " melond'eau،Pasteque " جێگای یەکتر بگرن لەهەموو بەکارهێنەزمانییەکان دا ئەوا هەریەکە دەبێ تایبەت بە شێوازەێکی زمانی فەرەنسی بێت.

لە ناوچەی کیباك "Le melond'eau" بە زۆری بەکاردێت بەڵام وشەی " Pasteque" زۆربەی خەڵکی کیباك نایزانن ئەمەش لەسەر ژمارە (٧٠) حەفتادا پیادە دەکرێت، دوو وشەی Soixante dix، Septante بۆ هەمان ژمارە بەکاردێتو دەتوانین لە بڕی یەکتر بەکاریان بهێنین لەهەموو بەکارهێنانەکاندا یان لەچوارچێوەی زمانەکەدا.

بەکارهێنانی " Septante" بۆ دیالێکتێکی فەرەنسی دەگەرێتەوە ئەو وشەیەش"Septante" لە بەلجیکا بەکار دەهێنرێت ولە فەرەنساو کیباك بەکارنایەت.

ئەگەر بایەخ بە جیاکردونەوەی زمانو دیالیکت نەدەین لە هاو واتاییدا، لەم بارەدا دەبێ وشەی حەفتای ئینگلیزی " seventy" بە هاو واتای "Septante " و " Soixante dix" دابینێین.

ئەگەر لەبواری وشەی فەرەنسی کیابکی " بمێنێینەوە، دەبینن هەندێ وشە هەن کە جیاوازیان بەپێی ناوچەو شوێن دەگۆڕێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆ یەك شت بەکاردەهێنرێن، یان یەك راستی دەردەخەن، بۆ نموونە وشەیەکی ناسراو

هەیە "bouilloire" بویلەر ئەو شتەی کە ئاوی تێدا گەرم دەکرێت، لەناوچەی مۆنتریال بە "Canard" و لە ناوچەی کیباكو سێ ناوچەی تر بە "bombe" نا ودەبرێت، لەهەندێ باری تردا وشە هاو واتاکان کە هاواتاییان دیارە دەبێ بەرچاوبن لەئاستی تۆمارگەی زمانی بەکارهێنراو، بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسی میللی"کیباك" هەندێ دەربڕین وەك ئەوەی خوارەوە دەبینین.

سەرەتانێکی کۆنی کڕی ils'est achete un vicux cancer، ، خەنزیرەیەکی کریune minoune .

ئەو دوو رستەیە پەیوەستن بە بەکارهێنانێکی ناسراوە بۆ رستەیەکی وەك: ئۆتۆمبیلێکی کۆنی کڕی.

لەم بارەدا ناچارین تێبینی جیاوازی نێوان تۆمارگەی زمان بکەین کە زۆر سەختە لەوەی کە جیاوازی جوگرافی نێوان دیالێکتە جیاوازەکان لەکاتی گفتو گۆکردندا بچەسپێنین چونکە زۆر دەگەمەنە گۆرانکاری لە دیالێکتدا هەبێت. لە کاتێکدا گۆران لەتۆمارگەدا وەردەگیرێو لەبارە.

وەك پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی نێوان دوو زاراوە یان وشە کەوەك هاو واتا بەرچاو دەکەون، هەندێك پەنایان بۆ جیاکردنەوەی واتای هەست پێکراو واتای درك پێ کراو برد، لەزمانی ئینگلیزیدا بۆنموونە ئاماژە بە باری دوو وەشەی "Liberty"و " freedom" ئازدای دەکرێت کە لە ئاستی درك پێکردندا هاو واتان بەڵام لە ئاستی هەست پێکردندا هاو واتانین. هەروەها دەتوانین لەزمانی فەرەنسی دا نموونەیەك وەك ئەمی پێشوو بهێنێنەوە کەئەویش وشەی دیموکراتی یە" democratie" کە چەند نرخێکی جیاواز هەڵدەگرێتو بەپێ ی بەکارهێنانی لای دانیشتوانی وڵاتە سەرمایەدارەکان واتای

بەکارهێنانەکەی تێ دەگەیشترێ، یـان بـەکارهێنانی لـە لایـەن دانیـشتوانی ئۆردوگای ئیشتیراکی واتاکەی لێکدەدرێتەوە.

بەڵام جیاکردنەوەی واتای درك پـێ کـراو (مـەعریفی)و واتـای هەسـتی (شعوری) دوورە لە وەی بلێین لەسەر بنەمای جیاوازی بەشی یان کـەرتی بنیـات نرابێت.

زاراوەی هەستی (شعوری) وا پێدەچـێت وەکـو جـۆرێکی تێکـەڵاو لـەو توخمانەی پەیوەندیان بە جۆر یان تۆمارگەی زمانی بەکارهاتووە زیاتر لـەوەی پەیوەندی بە باری کۆمەلایەتی یان رۆشنبیری دەربرینەوە هەبێت.

لە باری زاراوەی زانستیو میللی دا دەتوانین هەندێك وشـەی هـاو واتـای تەواو بدۆزینەوە –هەروەك دەردەکەوێت- بۆ نموونە کلۆریدی سـۆدیۆم هێمـای کیمیاوی یـە بـۆ خـۆی بـەڵام کۆمـەڵێك زاراوەی تـر هـەن دەکـرێ لـەکاتی بەکارهێنان دا جیاوازیان بکرێت بۆ نموونە، کاتی لەسەر مێـزی نـان خـواردن داین نالێین کلۆریدی سۆدیۆمم بدێ بەڵکو دەڵێین خوێیەکەم بدێ بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە تاقیگە روودەدات.

کەواتە دەتوانین بڵێین لێرەدا هاوواتای راستەقینەمان نییە.

بەکورتی ئەگەر بۆ چەسپاندنی هاو واتا پشتمان بە پێوەرەکـەمان بەسـت کە توانای وشـە هـاو واتایـەکانو گۆڕینـەوەیان لـە هـەموو چوارچـێوەیەکی زمانیدا ئەوسا بۆ مان دەردەکەوێت کە هاو واتای تەواو نیە یان زۆر دەگمەنە ئەگەر هەبێت.

دەکرێ هاو شێوەیی یان پەیوەندی دیالێکتەکان بخرێتە سەر ئـەم پێـوەرە، هەروەها دەبێ رەچاوی بارودۆخیش بکرێت(چونکە ئەوەندەی کە سروشتی یە

ئەوەندەش دووبارە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری یە بێ گومـان لەکۆتاییـدا دەبـێ تێبینی ئەوە بکەین کە زۆر قورسە دوو وشەی هاو واتای تەواو بدۆزینەوە.

خودی هاو واتای تەواویش زۆر گرنگ نیە چونکە پەیوەستە بە لایـەنێکی زمانی، چارەسەرکردنی بێ سوودە چونکە بە پێـچەوانەی یاسـاکانی ئـابووری زمان دەڕوات.

هەروەها دەتوانین هزری ئەو بارە بکەین کە دوو وشەی هاو واتای تـەواوی تێدا روو دەدات، ئەمەش لەسەر دوو وەشەی تـەخت " divan" و تـەخت " sofa" لە بەرکارهێنانی ئێستادا لە کیباك کە یـەکێك لـە بەکارهێنانـەکان هەرەشەی لەناو چوونی لیَ دەکرێت.

٢- گرتنەوە(الاشتمال):

جون لاینز"John lyons" وای بـۆ دەچـێ کـە یـەکێك لـە پەیوەندییـە سـەرەکیەکانی واتـا لـە رۆنـانی یەکەکانـدا هایپۆنیمییـە.....[٥] "I'hyponymie" ئەم زاراوەیەش بەپێی پێوەری زاراوەی هاو واتاو دژ واتـا دۆزرایەوە، ئەمەش بە واتای گرتنەوە بـەکارهاتووە، بـۆ نموونـە واتـای وشـە وەنەوشەیی رەنگی سوریش دەگرێتەوە هەروەها وشەی مۆر گوڵیشی بە خـۆوە دەگرێت، یان گوڵیش دەگرێتەوە کەواتـە زاراوەی هـاپێوینمی واتـە گرتنـەوە پەیوەستە بە پەیوەندی واتای بەشی دیاریکراو لەناو واتای گشتی دا.

٥- مەبەست لە پەیوەندی گرتنەوەی پیادەکراوە لەسەر ناولێنراوەکان یەکەی فەرهەنگییە کە ئەمەش پەیوەستە بە لۆجێکی پۆل کردن hyponymie

ئەگەر کۆمەڵێك یەکەمان هەبێت یەك واتای گشتی بیانگرێتەوە ئەوسا دەتوانین بڵێین ئەم یەکانە" کۆهایپۆنیم" ن"Cohyponymes"[(٦)] هەروەك لەرەنگەکاندا: مۆری سورباو رەنگی ژەنگی..هتد، ئەمانە هاوبەشی رەنگی سورن هەروەها وەنەوەشەو گوڵەباخو کۆلیلك..هتد ئەمانەش هاوبەشی گوڵن.

ئەوەی کە پەیوەندی بەرەنگی سوور و گوڵەوە هەیە هەر یەکێك لەم وشانە بە واتایەکی سەرتاپایی گرتنەوە" Superodonnes"[(٧)] دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی سەرتاپاییو گرتنەوەی هەر یە کەیانە.

ئەوەی کە پێویستە لەچەمکی (ئیپۆنیمی) بکۆلرێتەوە لەوەدایە کەرۆڵی ئەم بابەتە لەزمانە سروشتی یەکاندا بێهێزترە لەوەی کە لەگەڵ یاسا پۆل کردنە زانستییەکاندا هەیە هەروەك لەگەڵ زانستی زیندەوەرزانیو رووەك زانی دا بەدی دەکرێت.

لەگوتنی ئاساییدا واتە گوتنی رەمەکی خەڵك چەندین خانەی بەتاڵ هەیە، بۆ نموونە لەزمانی فەرەنسی دا واتایەکی سەرتاپایی نی یە هەموو ئەو وشانە بگرێتەوە کە بە واتای ئامێر دێت وەك ئەوەی بۆ بەسەر هەڵگەرانو سەرکەوتن وەك کورسی وپەیژە بەکاردێت.

لاینز (Lyons) وای بۆ دەچێ کە لەنێوان رێکخستنی زنجیرەیەکی یەك بەدوا یەك هاتن یەکەکانی زمان- بەهۆی پەیوەندی (ئیپۆنۆمی) رۆنانی رۆشنبیری دەبێتە توخمێکی گرنگ کە زمان بەهۆیەوە دەچێتە بواری دەمەتەقێو لێکۆڵینەوەی وەك دامەزراندنو رەوشتەکانو زانینی ناسینەوەی

٦- cohyponyme یەك واتای سەرتاپایی هاوبەشی ناوێك.

٧- superodonnes ، واتای گشتی، وشەی هاوبەش.

جیهانی کە بە پێی رۆشنبیری جیاوازی گۆراو لە رۆشنبیرییەك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت هەروەها پۆل کردنیش جیاواز دەبێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

٣- پەیوەندییەکانی تری واتا:

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکەین کە لاینز"Lyons" گەشەی بەهەندێ نموونەی پەیوەندی واتایی بنجی کردووە کە ناتوانین بەدرێژی لەم بوارەدا باسیان بکەین. لەو پەیوەندییانە پەیوەندی دژ یەکە بۆ نموونە ئەگەر کراسێك رەنگەکەی سووربێت پێویست بە وە ناکات بڵێین سەوز نیە، هەروەها ئاماژەی بەسێ جۆرە دژیەکی کردووە.

- دژیەکی تەواو یان بەهێز وەك: رەبەنو خێزاندار، نێرو مێ.
- دژیەکی پلەدار وەك: گەورەو بچووك.
- دژیەکی گۆڕینەوە وەك: کریو فرۆشتی.

ج- شیکردنەوەی پێکهاتەکان: [(٨)]

شیکردنەوەی پێکهاتەیی — لە بابەتەکەی دا — پشت بە لێکۆڵینەوەی ناوەوەی واتایی وشەکان لەدەرەوەی بەکارهێنان یاخود چوارچێوە دەبەستێت. واتە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی توخمەکان یان پێکهێنە واتاییەکانی یەکەیەکی زمانی دەدات، هەروها پەیوەستە بە زانینی چۆنیەتی لێکدانی وشەکان لە نێو

٨- * Analyse componentielle هەروەها بە شیکردنەوەی واتاییو شیکردنەوەی چەمکی ناوبراوە.

خۆیاندا (لەسەرەتای دروست بوونی ناوەوەیاندا) . هەروەها دەتوانین ئاماژە بە شیکردنەوەی واتایی بدەین چونکە بابەتی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرەن.

زۆربەی ئەم شیکردنەوانە لە زانستی دەنگسازی زمان هەڵێنجاوەو وەرگیراوە، چونکە پەیوەستە بە پیادە کردنی ڕێگاکانی گۆڕینەوەی سەر واتا کە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی فۆنیمەکان [9] یان دانە بچووکەکانی دەربرین.

بۆ نموونە (p) جیاوازە لە (b) لە برگەیەکی وەك bo – po هەروەها (b) لە چەند سیمایەکی دەنگی لەبار پێکهاتووە وەك دەنگی لێوی- دەنگدار، لەریو ، زاری.

ئەم نموونەیەش لەسەر مۆرفیم [10] یان مۆنیم [11] ی دابڕاو پیادەدەکرێ، وەك وشەی ئەسپ کە لە بەیەکەوە هاتنی واتایی تەباو پەیوەندیدار بە بابەتی وەك: ئەسپ+ مێ پێکهاتووە.

٩- فۆتیم- دانەیەکی دەنگی بچووکە

١٠- مۆرفیم- دانەیەکی ڕۆنانی بچووکە

١١- مینوم – دانەیەکی زمانی بچووکە.

١- سەرچاوە:

لەو هەوڵانەی کە بە نموویەکی شیکردنەوەی دابەشی دادەنرێت ئەوەیە کە جەخت لەسەر دەست نیشانکردنی هێڵە واتاییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە دەکات، یان سیمای یەکە زمانیەکان لەگەڵ دەرخستنی تایبەتمەندی هاوبەشی بابەتەکان کە بەیەك ناو ناسراوە، ئەویش لەرێگای تێبینی کردنی ڕاستەوخۆ.

لەباری شتە فیزیاوی یە هەست پێکراوەکانەوە، بۆ نموونە ئەو پێنج هێڵە پەیوەندارە ڕاستەوخۆیەی واتایی یەکەی "کورسی" بەم شێوەیە دەبێت.

- پشتی هەیە
- قاچی هەیە
- بۆیەك کەسە
- بۆ دانیشتنە
- کەرەسەی پتەو لە پێکهاتەی دا هەیە.

هەموو ئەو شتانەی بەناوی کورسی ناو نراون ئەم سمایانەیان تێدا بەدی دەکرێت.

بۆ روونکردنەوەی ئەم رێگایە نموونەیەك وەردەگرین.

(برنارد بوتیە" Bernard Pottier 1963" ئەم پێنج یەکانەی هەڵبژاردووە کە تایبەتن بە جۆری کورسی لە زمانی فەرەنسی دا.

کورسیەکی بێ دەسكو بێ پشت	tabouret
کورسی بە دوو دەسك	fauteuil
کورسی	chaise
تەخت یا قەنەفە	canapé
بالیفێکی بچووك پشتی پێبدرێت	pouf

مەبەست لە دانانی لیستێکی پێناسە نییە بۆ ئەم شتانە، بەڵکو بۆ ئەوەی پێناسەیەکی روخساری (فیزیاوی) بۆ دابمەزرێت، دوای ئەمە لە روانگەی پێودانگی ئەو وەڵامانەی کەدەستمان دەکەوت.

بەیارمەتی پرسیارە لەبارەکان دەتوانین وەڵامی پۆزەتیڤ بپارێزین ئەو سیفەتانەش کە پارێزراون وەك هێلی لەباری یەکە لێکۆڵراوەکان دادەنرێت.

بۆ نموونە: سیفات و سیمای جیاوازی ئەو شتانەی بەکورسی ناو دەبرێن دەدۆزینەوە.

	کورسی (١)	کورسی (٢)	کورسی (٣)	کورسی (٤)
q1= چەرم	+	+	-	+
q2= بۆدانیشتن	+	+	+	+
q3= لە قەدیفە	+	-	+	+
q4= لەدار	-	+	-	-
q5= لەئاسن	+	-	+	+

N q ن = ...				

n= ئاماژە بە دوواترین یەکە لە لیستەکەدا دەکات.

هەمان خشتە وەردەگرین‌و بەرێگایەکی تر پڕی دەکەینەوە.

تایبەتیە لەبارەکانی وشەی کورسی دەردەخەین، واتە لایەنەچاکەکانی (q)جارێك(n) دەنوێنێ ، (n) هاوبەشە لەنێو هەموو کورسیەکاندا، لەم خشتەی تردا (m) ژمارەی کورسیەکان دەردەخات بێ پێشاندانی سیمای داواکراو.

بۆ نموونە(n-m)q1 دەستنیشانی ژمارەی هەموو کورسیەکان دەکات.

بۆ نموونە (١٠) کەم ژمارەی (m) ی کورسیەکان کە سیفاتی q نایەنگرێتەوە.

بۆ نموونە (٣) واتە (١٠-٣) دەبێتە (٧) کورسی لە چەرم دروست کراوە(q):

	کورسی ١	کورسی ٢	کورسی ٣			
q ١= چەرم	+	+	-	(-/+)	-	(N-M)q 1
q ٢= بۆ دانیشتن	+	+	+	+	+	Nq2
q٣ = لە قەدیفە	+	-	+	(-/+)	+	(N-M)q3
q ٤= لەدار	-	+	+	(-/+)	-	(N-M)q4
q ٥= لەئاسن	+	-	-	(-/+)	+	(N-M)q5
q٦ = بەپشت	+	+	+	(+)	+	Nq6
q٧ = بەپێ	+	+	+	(+)	+	Nq7

هەموو کورسی یە ناوبراوەکان ڕێز کراون بەو ڕێگایەی کەهێمای (S) یارمەتی داون، یەك لەدوای یەکی شیکردنەوەکان ئەوەمان بۆ دەدۆزێتەوە کە سیما پەیوەندارەکانی کورسی بریتی یە لە:

q2، q9، q10،q13

S1 = q2 بۆ دانیشتن

S2 = q6 بە پشت

S3= q7 بەپێ

S4= q10 بۆ یەك کەس

S5= q13 لە کەرەسەی پتەو

هەمان ڕێگاش لەسەر یەکەی (کورسی بە دەسك) پیادە دەکرێت (Fauteuil). ئەم یەکەیە پەیوەندی بە دەرخستنی یەکە گوزارەییەکانەوە هەیە کاتێك لەگەڵ یەکێ لە یەکەکانی پێشوو یەکتر دەگرێتەوە. وەك یەکەی : دەسکدار کە نرخەژمارەییەکەی بە ڕێککەوتن دەست دەکەوێت.

S6 ئەگەر پەیوەندی بەیەکەیەکی پێشتر بەکار نەهێنراوە هەبێت وەك:(دوودەسکدار) ئەوسا نرخێکی نوێ دەدرێتە چ لەباری ئێستای S6 یان بەنیسبەت هەموو زاراوە لێکۆڵراوەکان ، بەکۆی گشتی پێی ئەو پێنج وشە بەکارهێنراوە ،شەش هێلی تەبا دەدۆزینەوە:

S1= بۆ دانیشتن

S2= بەپشت

S3= بەپێ

S4= بۆ یەك کەس

S5= لەکەرەسەی پتەو

S6= بەدەسك

تێبینی:

لە بارەی: (بوتیە) pottier پشتەکی بچووکی کەپاڵی پێوە دەنرێت، پێ ی هەیە چونکە لەسەر زەوی دادەنرێت.

پاش ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەرجەم هێلە دابڕاوەکان دەکەین ئەو خشتەیەمان دەست دەکەوێت.

	S6	S5	S4	S3	S2	S1	
S1=	-	+	+	+	+	+	کورسی
S2=	+	+	+	+	+	+	کورسی بەدەسك
S3=	-	+	+	+	-	+	کورسی بە دەسکەو بێ پشت
S4=	+	+	-	+	+	+	تەخت
S5=	-	-	+	+	-	+	پشتەکی بچووك پشتی بدرێت

هێمای(S) لەسەرەوەی خانەکان بەئاسۆیی بۆ بابەتە واتاییەکانی کەوا پیشان دەدات(S) تەنیا تۆخمێکە هەروەك کەدەڵێن" کورسی" ئەم یەکەیە کرۆکێکی هەیە کە تۆخمەکان یان یەکەکان دەینوێنێ وەك :

S1= بۆ دانیشتن

S2= بەپشت

S3= بەپێ

S4= بۆ یەك كەس
S5= لە كەرەسەی پتەوە
بەرێگایەكی تر دەبێتە
S1 (كورسی) (S1= ، S2، S3، S4،S5)

بە واتایەكی تر دەتوانین بلێین سیمای " بەدەسك" هـەوڵ دەدات كورسـی بەدەسك لە كورسی بێ دەسك جیـا بكاتـەوە، هـەروەك سـیمای " بەپـشت" رێگایەكە بۆ ئەوەی كورسـی بەپـشت لەكورسـی بـێ پـشت جیـا بكاتـەوە، هەروەها سیمای " بۆیەك كەس" كورسی بەدەسك لە تەخت جیا دەكاتـەوە.. هەر بەم شێوەیە.

٢- پێناسەكان:

پلانێكی تر هەیە كە جۆرج مۆنـان" George Mounin "ڕەزامەنـدی لەسەر كردووە ئەوەیش جەخت دەكاتە سەر زانینی رادەی تـوانینی پێناسـەی یەكە فەرهەنگیەكانی كە لە زۆربەی فەرهەنگـە باوەكانـدا بەرچـاودەكەوێتو توانای ئەم پێناسینانە لەسەر زانیاری دان لە بارەی ڕۆنانی یەكەكانی زمـان، هەروەك لە یەكە تایبەتیەكانی نیـشتەجێ بـوون دا دەردەكـەوێت، پێناسـەی زاراوە تایبەتیـەكانی ئـەم چـەمكە كـە لـە فەرهەنگەكانـدا دەبینرێـت وەك فەرهەنگی "Le petit Larousses" كۆمەڵە سیمایەكی تایبەت بەم واتایە لە وشەی "Paillote" دەدۆزینەوە كە بریتیە لە كەپرێك لە پۆشو پەڵاش لە وڵاتە گەرمەكان. ئەم وشەیەش سێ هێل یـان سـیمای هەیـە وەك: كـەپر/+/ دروس كراو لەپۆشو قەسەڵ /+/ لە شوێنە گەرمەكان.

بۆ وشەی(كەپر) دەبینین خانوو/ +/ دروستكراوی بێ ئەندازیاری.

هەروەها وشەی خانوو /+/ بۆ نیـشتەجێ بـوون/ دەتـوانین ئـەنجامی ئـەم شیكردنەوەیە لەچوارچێوەی ڕۆنانی چەمكی یان(شیكردنەوەی پێكهاتـەیی) تۆمار بكەین كە دەبێتە:

هێلی یەكەكان	خانوو	لەدێ	لەكوێ خواردنو خواردنەوە دەخۆین	لە نیوەڕۆ	هتد	بێ نرخ هتد
جێگای حەوانەوە	+	+	+			
خانووی لادی	+	+		+		
كـــەپری لادێ	+	+		+	+	
روخاو						+
هتد						

دیسانەوە ئەم شیكردنەوەیە دەكرێ لەچوار چێوەی پۆلینێكی درەختی یان ڕۆنانێكی یەك لەدوای یەك بخرێتە روو وەك:

خانووبەرە	خانوو هتد هتد	نیشتەجێ یی خانووی لادێ	كەپری شوان پەنا گە كەپری لە حەسیر هتد	كەپری بچووك كەپرێك لە بەفر دروست كرابێ تەویلە كەپری قەسەل

بەڵام ئەم جۆرە شیکردنەوانە کێشەی پەنابردنە بەر فەرهەنگ دەخاتە روو ئەمەش سنورداری شیکردنەوەی پێناسەکان دەگەیەنی، چونکە ئەم جۆرە پێناسانە لەگەڵ ناوەڕۆکی لۆجیکی لەهەمووبارێکدا یەکتر ناگرنەوە.

سەرەڕای ئەمەش دەکرێ تێبینی گواستنەوەیەکی تێدا بکرێت چونکە لەوانەیە پێناسەکانی ناو فەرهەنگ لەسەر جۆری شیکردنەوەی پێکهاتەیی بنیات نرابێ.

٣- دارِشتن:

بۆ دەست نیشانکردنی سیمای یەکەکانی زمانی پەیوەندار بەواتا چەندین تاقیکردنەوە کراوە، هەوڵەکەی بیار غیرو"Pierre Guiraud" [١٢] ١٩٦٧ بەرەسەنترو داهێنانتر لەهەموو هەوڵەکانی تر تا دادەنرێت. لە هەوڵەکەی دا بەدوای دۆزینەوەی رۆنانی واتایی وشەکان دەگەرێت، لەپێوادنکی راستیەکانی کە زمان دەیداتە خۆی بۆ زانینی دارِشتن. ئەمەش لەرێگای جێ بەجێ کردنی سەرچاوە یان لۆجیکی یەوە نییە هەوڵ دان خۆی لەسەر گریمانەی ئەوە دەوەستێت کە زمان بەرهەمی مرۆڤیو مێژوویی یە، بۆیە ناچارین بەدوای لۆجیکی زمانی رووت بگەرێین کە جیاوازە لە لۆجیکی لوجیك، واتە“ (زمانەکان روخسارین) بۆیە دەبێ واتای وشە پەیوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە بێت کەلێی درایژراوە.

بۆنموونە ئەگەر چەمکی وشەیەکی وەك (فێڵ کردن) وەربگرین بۆ زانین ئەو وشانەی لێی دارێژراون پێویستمان بە فەرهەنگ دەبێت، بەتایبەتی

١٢- خاوەنی کتێبی زانستی واتاسازی La semantique.

فەرهەنگی زاراوەو فەرهەنگە کۆنو نوێکان .هتد. بەدوای ئەو وشانە دەگەرێین کەچەمکی (فێل کردن) بەخۆوە دەگرن هەروەك چۆن " غیرو" ئەم کارەی کردووە، وشەی فێلبازو فێل لێکراو و فێل دەدۆزینەوە.

لەدوای ئەمە" غیرۆ" جەردی هەموو وشەکانی بەجیاکردو لیستێکی بۆ دانان تا ژمارەی وشە دارێژراوەکان گەیشتە (٢٥٠) وشە. کەواتە مەبەستو ئامانج دۆزینەوەی وشە دارێژراوەکانی وشەکەیە.

لە کۆتایی دا جۆرێکی تایبەت بە وشەی " فێل کردن" دروست دەکەین لەسەر بنەمای خزمایەتی نێوان وشە درایژراوەکانو ئەو بابەتانەی کە هەر وشەیەك لێی دارێژراوە.

ئەمەش روونکردنەوەی ئەو رێبازەیە کە " غیرۆ" پیادەی کردووە پاش ئەوەی لە (٢٥٠) وشەی فەرەنسی کۆڵیوەتەوە، بەتایبەتی ئەو وشانەی کەگوزارشت لە فێل کردنو دارێژراوەکانی دەکەن.

وشەی فێل کردن بەم شێوەیە دانراوە:

أ- بەفەرمانی میری تاوانبارەکە دەستگیرکرا:

١- بە داوەکە وەبوو(فێڵی لیّ کرا).

٢- بەفێل خرایە زیندان (زاڵ بوون بەسەریا).

٣- وەرگرتنی رەگەزنامە: وەریگرت- فێڵی لیّ کرا.

ب- ریا(نیفاق):

١- فێل(دەست خەرۆ): لەخشتەبردن، فێل.

٢- خۆشاردنەوە (رووگۆرین- تقنع): شاردنەوە، جوانکردنی کارێك بۆی.

٣- قەڵب: فێل باز، (مۆنافق)، وای پێشان دا، فێل بازی.

ج- غاردان لە دەربڕینی را:

١- رابواردن —(گاڵتە) لادان، دەست خەرۆکردن، وێل بوون.

٢- فەرمان شاردنەوە، ئارام بوون، دەرکەوتن.

٣- لەناکاو، لەپڕ، هەڵخەڵەتاو، بەزی (شەرمەزاربوو).

د- پەیمان بەجێ نەگەیاندن، یاسا، بنکە.

ه- تانەگرتن، گاڵتەکردن، خۆ هەڵکێشان.

لەسەر بۆچوونو دەربڕینی (غیرۆ) بایەخی گەورەی ئەم یاسایانە لەوە دایە کە چەمکەکان بە روونی لەرێگای ئەم پۆلە شیکردنەوانەوە دادەنرێت بەوەی کە چەمكو مەزندە ئاساییەکان لەرێگای سیما ئاسایی یەکانی واتادادەنرێتو رێگای جیاواز بەکار دێنێت بۆ دروست کردنی یەکە زمانیە نوێکان کە گوزارشت لە دیاردە جیاوازەکانی چەمکی وشە دەدەنەوە وەك وشەی " فێل کردن"

بەڵام دانەر خۆی دان بە بوونی هەندێ تێبینی دەنێت.

- ئەو دووسەدو پەنجا وشەیەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە لەرووی دارشتنەوە ناچێتە ناو باری زمانێکی تەبابە درێژی مێژوو ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تر ئەگەر بەرامبەرکردنی وشەکان لەروانگەی تەبایی و رۆنانی یەوە بکرێت تا ئەو رۆژەی کە تیایدان دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە وشەکان ئەو پەیوەندییە نایانبەستێتەوە یان تێیاندا بەدی ناکرێت.

بۆ نموونەی وشەی" greve " " Plage " دەهێنێتەوە کە بەواتای رۆخی رووبارو دەریاو بەواتای لەکار وەستان، دێت، دەبینین پەیوەندی نێوانیان

بەتەواوی لەخۆوەیە، کەواتە کارەکە جارێکی تر پەیوەندی بە بوارێکی جیاوگەوە هەیە.

سەرەڕای ئەم تێبینیانە بۆچی " غیرۆ" بایەخی بە لێکۆڵینەوەیەکی تردا بۆ دۆزینەوەی تۆانایەکی گەورەی دابڕانو گشتاندنی رێگاکەی بە پشت بەستن ئەوجارەیان بە یاسا پێچەوانەکان؟

لەجیاتی ئەوەی لەروانگەی چەمکی وەك " فێل کردن"و جۆری رێکخستنی واتایی وشەکە روون بکاتەوە، چەمکی (الصدمە) ی تاقیکردەوە بە پۆل کردنی هەموو ئەو وشانەی پەیوەندی دارشتن گرێیان دەدات یەکەمیان هەمان بنجی دارشتن لەچوارچیوەی پۆلێکی دارشتن بێ ئەوەی بایەخ بە واتای راستەقینەی بدات.

لەدوای ئەمەوە، تەنیا بە ئاماژە کردن بۆ ئەم پۆلە لە شیکردنەوەدا کۆتایی پێ هێنان کە ئێمە جەخت ناکەینە سەری بەڵام ناچارین سیمای زمانی رووت روونبکەینەوە(رێکخستنی یەك بەدوای یەك) ئەمەش بەدەر نییە لەسەرهەڵدانی کێشەی نوێ هەر وەك "غیرۆ" خۆی دانی پیاناوە.

تائێرە سێ رێگای جیاوازی شیکردنەوەی رۆنانمان دەرخستو پشکنی کە بریتین لە:

- تەکنیکی شیکردنەوەی سەرچاوەیی[١٣] " بوتیە" "Pottier"
- لێکۆڵینەوەی پێناسەی فەرهەنگەکان "مۆنان" "Monuin"
- پەنابردن بۆ دارشتن"غیرۆ" "Guiraud"

١٣- سەرچاوە Lesreferents: ئەو شتانە بۆ سەرچاوە دەگەرێتەوە کە لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ کرد.

بەڵام ئەم دۆزینەوەیە دوورە پەرێز دەمێنێتەوە تا دەبێتە دۆزینەوەیەكی تەواو و سەرتاپا.

لە راستیدا ژمارەیەكی زۆر یاسا هەن كە قورسەو ناكرێ هەموویان لەبەر درێژییان بخەینە روو.

دەتوانین بۆ نموونە رێكخستنی ناو لێنراوەكان تاقی بكەینەوە بەپشت بەستن بە رۆنانی ناوەوەو لەوتەكنیكەوە دەست پێ بكەین كە بە شیكردنەوەی سەرچاوەییو گۆرانی پێناسەكانی فەرهەنگ بەستراوە ، واتە ئەو پێناسانەی كە لە فەرهەنگ دا رێز كراون یان دەتوانین بەرێگای پشكنین بگەینە دەستنیشانكردنی بەكارهێنانی زمانی زاراوەی تایبەت بە بوارێكی دیاریكراو، وەك بواری هۆكارەكانی گواستنەوە، بواری كەلو پەل، كورسی، مەتبەخ..هتد

دەتوانین پەنابەرینە بەر شیكردنەوەی چەندی یان ئاماری هزركردنی پەیوەندییەكانی گۆڕینەوە لەنێوان ژمارەیەك لەناو لێنراوەكانی جۆراو جۆری وشە، و ژمارەی یەكە بچووكەكانی هەمان وشە، یان ژمارەی یەكە بچووكە باس نەكراوەكان..هتد.

لەهەموو ئەم حالاتانەدا دەبینین كارەكە پەیوەندی بەوگریمانەوە هەیە كە لە شیتاڵكردی پێكهێنەكان هەڵێنجراوەو بەهۆییەوە دەتوانین جەختی لەسەر بكەین كە هەرچەند پێكهێن لەو بوارەدا هەبێت، ئەوەندە تەكنیكی دەستنیشانكردنی سیمای واتایی ووشە دەبێت.

بێ گومان ئەو نموونانە لە شیكردنەوەی دا بە سیمای واتایی گرنگو پتەو پەیوەستن بە بابەتەكە ، بەڵام ئەم یاسایانە تەنیا-تا ئێستا- پێكهاتووە لە دانانی پلانەكان لە لایەكو لەلایەكی تر دەبینین نموونەكانی پیادەكراو هەمیشە

لە چوارچێوەی یەكەكانی بواری دیاریكراو لەرووی فەرهەنگەوە هەڵبژێراوە: وەك: یەكەكانی خزمایەتی، جیهانی ئاژەل، پلەو پایەی سەربازی..هتد واتە لەو بوارانە دایە كە زمان بریتی یە لە (محاكات) گوزراشت كردن لە رۆنانی لۆجێكی یان زانستی كەپێشتر بڕیاری لەسەر دراوە كەواتە ئەوگازاندەیەی كە رووبەرووی ئەم رێگایە دەكەینەوە ئەوەیە كە ئەم شیتاڵكردنە بۆ وشەكان بە پشت بەستن بە خزمایەتی یان پەیوەندیو واتایی دەمان بات بۆ ئەویەكانەی كە پەیوەستن بەكەمترین رادە كە بە مۆرفیمە سیماهەڵگرەكان دەردەبرێت بۆ نموونە وێنە یان شێوەكانی ناوەڕۆك یان سیمای واتایی (مۆنیم)ی "jument" ئەسپ، مێ ولاخ" بریتی یە لە "ئەسپ"و" مێ" ئەو فۆنیمانە خۆیان شیتاڵ دەكرێن بۆ وێنە یان شێوەكانی ناوەڕۆك..هتد

بەنیسبەت زانستی دەنگسازی تایبەت [١٤] سیما پەیوەستەكانی خێزانە دەنگی یەكان(٢) (b) " ب" دەنگێكی گۆكراوەو دنگێكی لەریوە، دەنگێكی زاری یە لەگەڵ ئەوەشدا كەئەم سیمایانە فۆنیم نین.

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم ركەبەرییە، هەندێك تێبینی ئەوەیان كردووە كە شێوە یان وێنەكانی ناوەڕۆك لەوجۆرە بارانەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە لۆجێكستەكان ناویان ناوە" لەدوای زمان"(٣) "میتا لانگویج" یان جۆرێك لەزمانی نموونەیی كە قسەی رۆژانەی پێ دەكەین(واتە زمان بابەتەكەیە) هەرچەندە لەدوایی زمان meta language بوونی راستەقینەی نیە، بەڵكو ئەو زاراوانەی پەیوەستن بە "لەدوای زمان" بەشێكی تەواوكەری زمانە بەكارهێنراوەكەن.

١٤- فۆنۆلۆجی- لێكۆڵینەوە لەدەنگ لەناو رۆنان.

سەرەڕای ئەم گازاندانە كێشەیەكی راستەقینە لەبواری ئەم جۆرە شیكردنەوەیە سەر هەڵدەدات، كە بریتییە لە:

چۆن دەتوانین رێبازێكی بابەتی بۆ سیما واتاییەكان دەست نیشان بكەین؟

پێش هەموو شتێك مەرجە بۆ رێبازی شیكردنەوەیی- بۆ ئەوەی راستەو زانستی بێت دەبێت دوور بێت لەخودی خۆی و بابەتی بێت.

تا ئێستا هیچ تەكنیكێكی وا لەبەردەست دانیە بمانگەینێتە بابەتی راستەقینە بۆیە هێشتا زووە، ئەم رێبازە لە پۆلێن كردن ناوبنێن شیكردنەوەی زانستی یان" ئامادەكردنی بۆ زانستی" چونكە تەنیا چەند هەوڵدانێك بۆ گەرانو پشكنین كراوە، لەوانەیە هەواڵدانێك بەسەر هەوڵدانێكی تر زاڵ بێت بەلاّم تا ئێستا هیچ رێبازێكی هەوڵدان نەیتوانیوە ببێتە رێبازێكی نموونەیی:

٤- شیكردنەوەی پێكهاتە و كێڵگەیواتایی:

تەكنیكی شیكردنەوەی پێكهاتەیی- كە تا ئێستاش هەر كێشەیە — تاقە سیمای لە توێژینەوەدا لە رێكخستنی یەكە فەرهەنگییەكان لە ناو كێڵگەی واتایی ئاشكرادا، بەم پێیە شیكردنەوەی لەر ێگای سیما واتاییەكان لای دانەرەكانە، واتە رێبازی شیكردنەوەی پێكهاتەیی بۆ وەرگرتنی گریمانەی كیلگەی واتایی وەك تێڕوانین بۆ كیلگەی كورسیەكان، كیلگەی نیشتەجێ یی، كێڵگەی فێل..هتد.

ئەوەی ئەم لێكۆڵینەوانە جیادەكاتەوە لە كارەكانی تایبەت بە كیلگەی واتاییەكان لەوەدایە كەرێبازی شیكردنەوەی پێكهاتەیی بەدوای رۆنانی فەرهەنگ بەهۆی توخمە پێكهێنەرەكانی ووشە دەگەڕێت. كەچی رێبازەكانی

تری شیكردنەوەی لە بنج دا لە پۆلێنەكەی ترێر "Trier" وەرگیراون كەبەدوای كۆكردنەوەی یەكەكانی فەرهەنگی دەگەرێت بێ ئەوەی لێكیان بكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشا هەندێ مەبەستەت هەن بەرێگای شیكردنەوەی پێكهاتەیی دیاری دەكرێت.

شیكردنەوەی پێكهاتەیی لای ئەنترۆپۆلۆجیە ئەمریكیەكان- بەتایبەتی- بەشێوەیەكی تەكنیكی بەكار نەهێنراوە یان بۆ باسكردنی رۆنانی ناولێنراوە زمانیەكان بەكار نەهێنراوە، بەلاّم وەكو هۆكارێك بۆگواستنەوەی رۆشنبیری (هیندۆ ئەمریكی) بەكار هاتووە.

لەم روانگەیەوە یاساكانی شیكردنەوەی پێكهاتەیی هەوڵ دەدات زانیاری تایبەت بە سروشتی رۆشنبیری كۆمەڵایەتی (وەك ئەو هزرانەی كەتوانای درك پێكردنی پەیوەندیەكانی خزمایەتیو تێگەیشتنیان لە شارستانیەتێكی دیاریكراودا)هەیە بەسیمایەكی زمانی رووت بەدەست بێنێت.

٥- هزرەكانی واتا:

دەبینین شیكردنەوەی پێكهاتەیی لای زۆربەی لایەنگرانی رێزمانی بەرهەمهێنو گوێزانەوە بۆ مەبەستێكی بەرایی ئامادەكراوە وەك:

سەرقاڵبوونێكی زۆر بەو رێگایانەی كە واتای وشەكان تێیدا رێكخراوە بۆ دارشتنی دەستەواژە. شیكردنەوەی پێكهاتەیی بەتایبەتی وەك تەكنیكێك بۆ گۆرین یان گۆڕینەوەی رۆنانی دەروازەكانی فەرهەنگ بەكار دێت، چونكە واتای وشەكان لەناو رستەدا لەو فەرهەنگە بگۆڕە وەرگیراوە.


ئەمەش نموونەی شیکردنەوەی پێکهاتەیی بەکارهێنراوە لە لایەن "کاتس" "Katz" و فۆدور "Fodor"،لە ڕاستیدا تیۆری واتا سازی بەلای ئەوانەوە لێکدانەوەیە بۆ ڕۆنانی ڕێزمانی بە بەکارهێنانی فەرهەنگو ژمارەیەك لە یاسای ڕەنگدانەوەیی هەروەك لەمەو دوا دەبینین.

لە چوارچێوەی ئەم هزرانە بۆ واتا، پێناسەکانی ئێستا بۆ فەرهەنگەکان تەواوی مەبەست نادات بەدەستەوە، چونکە هەموو ئەوزانیاریانەی کە پێویستمان پێی هەبێت تیایدا نایدۆزینەوە.

بۆ نموونە ووشەی " مراوی" "Canard" لە فەرهەنگێکی کلاسیکی دا ئاماژە بەناوێکی گشتی دەکات کە چەندین واتا بەخۆوە دەگرێت.

- باڵندەیەکی پێ بە پەنجەی وەك دەست "Oiseau Palmipede"
- گۆشتی هەمان باڵندە.
- هەواڵێکی درۆ.
- نیشانەیەکی قەڵپو قەرەباڵغی.
- پارچە شەکرێك (لەقاوەدا).

"کاتسو فۆدور" ڕێژەیەکی جیاواز بۆ پێشکەش کردنی بابەتەکانی فەرهەنگ پێشنیاز دەکەن، ئەم ڕێژەیەش لەسەر شیکردنەوەی هەموو یەکەیەکی فەرهەنگی بنیات نراوە، کە پەیوەستە بە شیکردنەوەی پێکهاتەییان...ئەم وێنەیەی خوارەوەش دەکرێ ببێتە دارشتێنێك بۆ زانینی پەیوەندیەکانی دانانی هەمان وشە، پەیوەندیەکانی نێوان ووشە جیاوازەکان، هەروەها سەرەڕای توانایی زانینی ژمارەی واتا لێلەکان لەکاتی پێویستدا. وشەی "مراوی" دەکرێ بەم شێوەیە پیشان بدرێت:




بەپێ ی بۆچوونی "کاتس" و" فۆدور" پۆلە واتاییەکان وەکو کەرەسەی زیندوون، بۆ نموونە چەمكو بۆچوونی گشتین، واتە لەهەموو زمانەکاندا هەنو بەدی دەکرێن.

بەڵام سیما واتاییەکان ڕەنگدانەوەی هەموو بابەتەکانی واتان لەجیاکەرو تاکی دا. هەرچەندە خستنەروی ئەو نموونەیە زۆر تەواو وکامل نییە.

بۆ ئەوەی وەڵامی وا بدەینەوە کە بگونجی لەگەڵ پێداویستییەکانی تیۆری واتایی دەتوانین دووبارە یەکە فەرهەنگیەکەی" مراوی canard" لە وەرگێرانی فەرەنسی لەبابەتەکەی " کاتس"و "فۆدور" دا دەربهێنین:

بەم شێوەیە:



پۆلە واتاییەکانی نێو کەوانەکان لەو نموویەدا وا دەردەکەوێت کە ئەوپۆلانە بۆچوون بن بۆ واتایی یەکە فەرهەنگییەکەی (مراوی).

کەواتە فەرهەنگ وەك سیستەمێکی بۆچوون دەردەکەوێت بۆ دەرکەوتن‌و دیاریکردنی یەکەدروستکراوەکان، هەر وەك لێکشانەوەی نێوان واتا جیاوازەکاندا. لە ژێر سایەی ئەم تێڕوانینەدا وا دەردەکەوێت کە سیمای واتا بەشێك نییە لەبەشەکانی زمان خۆی بەڵکو پەیوەستە بە توخمەکانی تیوری کە بە مەبەستی باسکردنی پەیوەندیەکانی واتا لەنێوان توخمە فەرهەنگیەکانی زمانێکی دیاریکراو خراوەتە ڕوو.

بەشی چوارەم

واتای رستە

هەروەك لە بەشی پێشوودا تێبینیکرا، هەندێك لە زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کە پەیوەست بوون بەو باسانەی کە لە ئاستی یەکە دابڕاوەکان دایە خۆ هەڵخەڵەتاندنو خەیاڵە، چونکە واتای ووشە بەپێی ئەو ئەرکەی کە لەناو رستەدایە دەگۆڕێت. ئەوەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە هەندێ لەتوێژەران خەریکی لێکۆڵینەوەی کێشەی پەیوەندییەکانی نێوان واتای جیاوازی یەکە فەرهەنگییەکانی رستەن، ئەم توێژەرانە بایەخ بە وشە نادەن تەنیا لە رێگای بایەخ دانیان نەبێت لە توخمە گەورەکانی رۆنانی رستە.

أ- یاساکانی کەواندن:

"کاتسو فۆدور" رووبەرووی چەمکی رەوشتی زۆربەی زاناکانی پێش خۆیان بوونەوە.

ئەو چەمکەی کە هەڵیان بژارد ناگاتە ئەوەی کە لاساییێك، یان موحاکاتێکی ئەو رستانەبێت کە پێشتر گوتراون، ئەوان لاسایی بیرە مەڵبەندییە تیۆریەکەی خۆیان یاساکانی کەواندن دەکەن. واتە ئەو یاسایانەی

رێگا بە کۆمەڵەیەکی کۆتایی هاتوو لە رستەدا بەرامبەر بە کۆمەڵەیەکی بێ کۆتایی لە رستە لەزمانێکی گۆکراودا دەدەن.

گوتن بەلایانەوە ئەوە دەگەیەنێ کە رۆنانێکی نوێ لەو توخمانەی کە پەیوەندییێك گرێیان دەدات دابرێژن. ئەو رێگایەی وامان لێدەکات لە رستەی نوێ بگەین کە ئەو رۆنانە دەگرێتەوە یان لەو رۆنانانە پێك دێت کەلە شیکردنەوەی تەبایی پێك هاتوون ئەو بیرەش تەنیا لەواتای رستەوە دێت کەمافی ئەوەی هەیە بکەوێتە پێش واتای وشە.

کەواتە واتا لەو شوێنە دەست پێدەکات کە یاساکان کۆتایی یان پێ دێت(مەبەست لەیاساکان رێزمانە) لەسەر ئەو رۆنانەی کەدەڵێت:" وەسفی زمانەوانی ئێستایی یاساکانی لێ دەربێت یەکسانە بە واتا".

پێویستە ئەوە بزانین- لە ئاستی رووکردنە فەرهەنگ- کە ئەوەی لە فەرهەنگە ئاساییەکان دەستمان دەکەوێت بە زۆری بریتی یە لە: پەیوەندی نێوان یەکەی فەرهەنگیو واتاکەی، بۆ نموونە ئەگەر وشەی " شەریفhonnete " وەربگرین دەبینین ئەو چەمکانەمان دەداتێ:" باش" و"بەرێز" و" راست" و" دەست پاك " و"هێژا"و" ژنی بەشەرەف" و" ئافرەتی پاك داوێن"..هتد

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ووشەی" شەریف" پەیوەستە بە کەسێك بێ ئەوەی رەگەزەکەی دەست نیشان بکرێت کەئەوە دەگەیەنێ " باش"و " بەرێز"و" راست" و" پاك دەست"و" هێژا" ئەگەر پەیوەندی بەکەسێك هەبوو، لە (رەگەزی مێ) واتای وشەکە دەگۆڕێت بۆ "پاك داوێنی".

لە پێناو ئەو تەبایی واتاییە، "کاتسو فۆدور" پەنایان بردە بەر هێمایەکی تایبەت ئەویش بەکارهێنانی ئەم کەوانانە بوو <   > بۆ ئەوەی مەرجی

پێویستو تەواوی ڕۆنانی واتایی لەبار بگەیــەنێ، ئەمــەش ئەوەیــە کــە پــێ ی دەوترێ" هەڵبژاردنی سنوردار"

کە بنەمای سەرەکی یە لەشرۆڤەکردنی یاساکانی کەواندن" بۆیــە وشــەی " شەریف" بەم شێوەیە پێشکەش دەکرێت:

- شەریف
- ئاوەڵناو
- توانا
- بەرێز

دوور لە هەموو پەیوەندیەکی سێکسی ناشەرعی

<(کەس)، و(مێ) >

ئەو وشانەی کە کەوتوونەتە نێو کەوانە تیژەکان ئەوە دەگەیەنێ کــە واتــای تایبەتی ئەو جۆرە ووشانە ناکرێ شرۆڤە بکــرێ تــەنیا لەچوارچــێوەی زمــانی " شەریف" نەبێت.


ئاشکراو روونە کە پەیوەندی بەکەسێك هەیە لە رەگەزی (مێ) بەڵام گرنگی ئەم جۆرە دەست نیشانکردنە لە هەڵبژاردن ئەو بایەخەی نابێت ئەگەر یاساکانی کەواندن بەشداری نەکاتو نەیەتە گۆڕەپانەوە.

یاســاکانی کەوانــدن هــەوڵ دەدات توخمــە واتاییــەکانی هــاتوو لــە لقــە جیاوازەکانی سەر بەیەك پۆلی یاسایی لێك بدات. واتە لەژێر هەمان پەیوەنــدی باودا، لێرەدا ئەو بابەتەی کە مل کەچــی یاســاکانی کەوانــدنی واتــایی دەبێــت رستەیەو هاوشانە لەگەڵ وەسفە رێزمانیەکەی دا.

دەست بە ژێــرەوەی درەخــتی رێزمــانی لــە ئاســتی ئــایرونی (مفارقــات) دەکەیەنو دوواتر بەدوای تێکەل تێکەلەکان دادکەوین.


بۆ نموونە لە رستەیەکی وەك: کچە کە ئاوێنە بچووکەکەی فرێ دا.

دەبینین شیکردنەوەی رێزمانی کە خاوەنی رۆنانێکی دراشتنی بەم شێوەیە:



بۆ ئەوەی هەموو لقە لەبارەکانمان دەست کەوێت هەمان هێما (S) لەسەر هەمان پۆلە یاساییەکانی کۆتایی دادەنێین:

بۆ نموونە S1 لەگەڵ هەردوو پۆلدا دووبارە دەبێتەوە.




ئەوەش کێشەی گەیشتنی ڕێزمانی یە لەهەمان کاتدا کە تیۆری واتایی بۆ دادەنرێت بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم ڕستەیەدا.


نموونە: کچەکە ئاوێنە بچووکەکەی فڕێ دا.

La fillete jette la petite galce.

ئێستا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە هەر یەکەیەکی فەرهەنگی ئەم ڕستەیە چۆن پێشکەش دەکەین پێش ئەوەی دەست بە یاساکانی کەواندن بکەین.

La	ەکە
Art-defini	نیشانەی ناسراوی
Defini dansle contexte	(زانــین لــە رێگــای چوارچــێوەی گوتن دا)
Fillette	کچ
n.concr	ناوی بەرجەستە
Denombrable	دەژمێردرێ
n.fem	مێ
Object physique	تەنێکی بەرجەستە
Humain	مرۆیی
June	بچووك
Femelle	مێینە
Jette	فڕێ دەدات
Verbe	کار
v. tr	کاری تێپەڕ





ناچار لەبەر پێداویستییەکانی نموونەکە هەندێ لایەنی واتایی نزیك لە وشەی "سەهۆڵ" "glace" وازی لێهێنراوە. ئەمەش ئەوسا دەبێت کە وشەی "glace" گوزارشت لە تەنەکە بداتەوە. کەواتە ناوێکی ژمێردراو نیە. بەهەمان هۆکارەکانەوە بیر بۆ واتا گریمانەییەکانی کاری " فرێ دان" ناچێت. بە بزانین چۆن کردەی لێکدانی ئاوەڵناوی (دیاریکراوەکە) لەگەڵ ناوی (دیاریکراو) جێ بەجێ دەبێت کە یەك لەدوای یەك S4 دەبێتە " بچووك"و S5دەبێتە " ئاوێنە"

S4

1.	Petit	Adj	(Spatial)	{Depeu de voluem}	<Maetrial>
	بچووك	ئاوەڵناو	شوێن	قەبار بچووك	"تەن"

2.	Petit	Adj	(temporel)	{tres jenne}	<anime>
	بچووك	ئاوەڵناو	(کاتی)ماوەیی	زۆر بچووك	چالاك

3.	Petit	Adj	(appreciatif)	{de peu d'importance}	<abstrit>
	بچووك	ئاوەڵناو	خەملێنراو(تقدیری)	بێ بایەخ	بەرجەستە

4.	Petit	Adj	(apprecitif)	{termed' affection ou de mepris}	<anime>
	بچووك	ئاوەڵناو	(کاتی)ماوەیی	زۆر بچووك	چالاك

1- glaee n. Fèminin n. concret (dènombrablemateriel ctach dủnepierre prècieuse).
2- glaee n. Fèm n. concret dènombrable(emateriel) (objet physique) (comestible) (rafraichissement).
3- glaee n. Fèm n. concret dènombrable(emateriel) (objet physique){lame de verre miroir}.
4- glaee n. Fèm n. concret dènombrable(emateriel) (objet physique) {verre a chassis mobile}.
S5

S5

1.	Glace	n. fem	n. concret	denomrable	material
	ئاوێنە	ناوی مێ	ناوی بەرجەستە	ژمێردراو	تەن

(Tache d'une pierre precieuse)

(دروست کردنی بەردی بەنرخ)

2.	Glace	n. fem	n.concret	denombrable	material
	ئاوێنە	ناوی مێ	ناوی بەرجەستە	ژمێرراو	تەن

(objet physique) (comestible)(rafraichissement)

تەنی بەرجەستە دەخورێ ساردەمەنی

3	Glace	n. fem	n.concret	denombrabie	Material
	ئاوێنە	ناوی مێ	ناوی بەرجەستە	ژمێردراو	تەن

(objet physique) {lamade verre, moiroir}

تەنی بەرجەستە پارچە شووشە، ئاوێتە

4.	Glace	n. fem	n.concret	denombrable	Material
	ئاوێنە	ناوی مێ	ناوی بەرجەستە	ژمێردراو	تەن

(objet physique) {vitre a chassis mobile}

تەنی (هەست پێکراو) بەرجەستە پەنجەریەك بە پەروازی جولاو

لە رووی تیۆری‌و لە روانگەی رێکخستنەکانی S5، S4 لەوانەیە شـازدە تێکەڵە هەبێت، باشتر وایە هەڵبـژاردەکانی S4 لـە ژمـارە (١) وە دابنـێن چونکە بابەتی <تەن> بە خۆوە دەگرێت‌و تاقە سیمایەکە لە شوێنێکی تر لە S5 دا دەبێتە سیمای واتایی. دەستنیشانکردنی هەڵبژاردە کـارێکی گرنگـە لەهەمان کاتدا دانی پیانراوە تاقە نیشانەیە کە رێگا دەدات کـەوا واتـا یـان واتاکانی وشەکە لەگەڵ واتایەك یان واتاکانی وشەیەکی تر لێك بدرێن.

لـە نموونەکـەی پێـشوودا هەرچـەندە نـاتوانین واتاکـانی (٢) لـە S4 دا کۆبکەینەوە(بچووك لەواتا لەگەڵ "زۆر بچووك") لەگەڵ واتای (٢) لە S5 دا (ئاوێنە لە واتا لەگەڵ " تەرکردن" ئەمـەش ئـەوە دەگـەینێ کـە واتـای

دووەم بۆ " بـچووك" پێویـست بـەوە دەکـات لـەژێر یەکەیـەك دابێـت کـە سیمای" چاڵاك"ی تێدابێت چونکە ناتوانین بڵێین بە" سەهۆڵی تەر" بچووکە.

ب- ژمێریاری رێژەی پشتەکان:

لای (کاتس) و (فۆدور) یەکـەکانی فەرهـەنگی دەربـڕین دەبـێ لێکـدارو بێت- هەروەك — بە یارمەتی یاساکانی شیکرنەوەی ناسراو بە " شیکرنەوەی پێکهاتەیی" بەرچاومان کەوت.

هەروەها رێگایەکی جیاوازی تر بۆ پیشاندانی کێشەی واتای رستە هەیە.

ئـەم رێگایـەش پەیوەسـتە بـە شـیکردنەوەی جۆرەهـا پەیوەنـدی نێـوان یەکەکان. ئەم سیستەمەش لـە لۆجیـك (المنطق) بەتایبـەتی لـە ژمێریـاری رێژەیی پشتەکان وەرگیراوە.

بەگوێرەی لۆجیك ژمێریاری رێژەی پشتەکان تاقە ئامانجی لەوەدایـە کـە جۆرەها پەیوەندی لـۆجیکی بـەدیار بخـات، بـەڵام ئـەوەی گرنگـە بـۆ ئێمـە چۆنیەتی یان ئەو رێگایەی کە بنیاتی لەسەر دەکرێ یا واتاکانی رسـتەی لـێ پێك دێت.

بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵ دەدەین هێڵە بنەڕەتیەکانی بۆچوونی (بیـارویش Bierwish) بخەینە روو. ئەو وێنەو بیرەی کە (پاڵمەر F.R.Palmar) لـە کتێبەکەیدا بەناوی (واتاسازی) لە ساڵی ١٩٧٦دا پێش کەشی کردووە. بەڵام (پاڵمەر) ئەم بیرو بۆچوونەی بەرێگایەکی سادەو تا رادەیەك جیاواز پێشکەش کردووە.

(پاڵمەر) وای بۆ دەچێ کە واتای رستە، گریمانەیە، هەر گریمانەیەك لە چەند زاراوەیەك پێکهاتووە، یان پاڵپشتە یان بەڵگەو سەڵماندنە.

پشتەکان زاراوەن‌وگوزارشت لە پەیوەندییەکان دەدەنەوە.

لەبەر ئەوەی بە شێویەکی گشتی بە کردارەکانەوە پەیوەستن. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بەڵگەو سەلماندنەوە زاراوەن بە زۆری بەناوەکانەوە[١٤]. پەیوەستن.

لە رستەیەکی وەك" احمد يحب فاطمة" ئەحمەد فاتیمەی خۆش دەوێ لەو گریمانەدا" خۆش دەوێ" پشتە و پەیوەندی نێوان هەردوو لا دەردەخات. (ئەحمەدو فاتیمە).

بەپێ ی عورفو رێککەوتن دەکرێ ئەم پەیوەندییە بەم شێوەیە بخرێتە روو (يحب احمد فاطمة)

(خۆش دەوێ ئەحمەد فاتیمە) "fatima،Ahmend " {aime}

لە کوردیدا هەر دەبێتە ئەحمەد فاتیمەی خۆش دەوێ.

لەو جۆرە رستانەدا رێکخستن زۆر پێویستە (١) ئەگەر رستەکە بگۆڕینو فاتیمە پێش بخەین واتە بلێین فاتیمە ئەحمەدی خۆش دەوێ (تحب فاطمة ئەحمەد) لەو بارەدا پاڵدراو گۆڕاوە بەهەمان شێوەیەش واتای رستەکە دەگۆڕێت.

ئەگەر" ئەحمەد" و" فاتیمە" بگۆڕینەوە بە " أ" و"ب" رێژەیەکی بەم شێوەیەمان دەست دەکەوێت [خۆش دەوێ – يحب] " أ"و"ب" ئەمەش جیاوازە لە رێژەی [خۆش دەوێ – يحب] " ب" " أ" .

١٤- ناوە فەرەنسییەکان گۆڕاون بەناوی عەرەبی.

بێ گومان دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە تەنانەت ئەگەر رێژەی (ئەحمەد يحب فاطمة) ئەحمەد فاتیمەی خۆش دەوێ. ئەوە دەگەیەنی کە فاتیمەش ئەحمەدی خۆش دەوێ، بەڵام هەندێ جار پەیوەندییەکە بەرامبەری یە بۆ نموونە لە رستەیەکی وەك. (احمد متزوج من فاطمة) (ئەحمەد فاتیمەی هێناوە) کە پێویستەو دیارە کە فاتیمەش مێردی بە ئەحمەد کردووە. (فاطمة متزوج من احمد). چاکەکەی ئەم رێگایە لە پیشاندان لەودایە کە لەوانەیە لێکدانی ئەو ئەنجامانەی کە شیکردنەوەی پێکهاتەیی دەماندات دوور ناخاتەوە سەرەڕای ئەمەش ناتوانین درك بە بۆچوونیو چەمکەکانی واتا بکەین.

ج- گریمانەیی:

سەرەڕای ژمێریاری رێژەیی پشتەکان رێگایەکی تر هەیە کە لە لۆجێك وەرگیراوەو بایەخ بە سیستەمی واتای رستەدا دەدات. لەنێوان ئەم رێگایانە رێگایەك هەیە کە سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە واتەناسەکانی لە چەرخی نوێ راکێشاوە ئەم رێگایەش بریتی یە لە : لێکۆڵینەوەی گریمانەکانی گوتن، یان دەربڕینی گریمانەیی.

دەبێ گریمانە چی بێ؟

بۆ نموونە ئەگەر بلێین، ئەحمەد هەر جگەر دەکێشێ ئەوە گریمانەی ئەوەمان دەداتێ کە ئەحمەد پێشتر جگەرەی کێشاوە هەمان شت لە سەر ئەم رستەیەش پیادە دەکرێت.

ئەحمەد کەمێك شەربەتی[١٥]. بەخالد دا.

١٥- لە دەقی فەرەنسیدا (مەی)یە.

لێرەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە ئەحمەد شەربەتی داوەتە خالد بەڵام پرسیاری ئەوە دەکەین کە چۆن گریمانەیەك بۆ دەربڕینێکی دیاریکراو دادەنێین؟ وەڵامەکە لەوەدایە کە پیادەکردنی رێژەی نەریٚ لەسەر دەربڕینەکە بەسە، ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر رێژەکەش بەنەریٚ بوودەلێین: کارەکە بەراستی پەیوەستە بەگریمانەکە هەروەك چۆن لە رستەی (ئەحمەد چیتر جگەرە ناکێشیٚ) یان (هەڵەیە ئەگەر ئەحمەد بەردەوام بێت لە جگەرەکێشان)

رێژەی نەریٚ نەکردن لە" ئەحمەد پێشتر جگەرەی دەکێشا" بە راستی دەمێنێتەوە چونکە پەیوەستە بە گریمانە. هەمان دیاردە لەگەڵ دەربڕینی وەك: " ئەحمەد کەمێك شەربەتی نەدا بە خالد" چونکە باشتر وایە داکۆکی بکرێت کە" ئەحمەد شەربەتی بەخالد داوە"

ئەم رێژەیە جۆرێکە لە گریمانەکانی دەربڕین" ئەحمەد کەمێك شەربەتی بەخالد دا"

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: گریمانەکانی دەربڕین لەکۆمەڵێك رستە پێك هاتووە. کە رێژەی ئەریٚ تیایاندا راستە هەرچەند رێژەی نەرێش لەدەربڕینەکاندا هەبێت.

لەکاتێکدا هەندیٚ لە گۆڕانکاریەکانی رێزمانی بەکارنەهێنراوە تەنیا بۆ دۆزینەوە گریمانەکانی دەربڕین نەبیٚ، وەك پرسیار شوێن کەوتوویی‌و فەرمان ....هتد.

ئێستا هەوڵ دەدەین دۆخێکی دەربڕین لە رێژەی نەریٚ وەربگرین.

بۆ نموونە: خالید رقی لە مەی نابێتەوە.

وەرگر یان مرۆڤ کە گۆیٚ ی لەم دەربڕینە دەبێت دەتوانیٚ لەوە بگات کە خالد زۆر حەز لەمەی دەکات، ئایا ئەم رستەیە پەیوەندی بە گریمانەوە هەیە؟

کە شێوازی شوێن کەوتوویی بەکار دەهێنین‌و ئەم رێژەیەمان دەست دەکەوێت:" خالید رقی لەمەی نابێتەوە بەڵام زۆریش شەیدای نیە"

لەم بارەدا رێژەی ئەریٚ" خالید زۆر حەز لەمەی دەکات"

بەتەواوی رووی نەداوە.

کەواتە پەیوەندی ئەم کارە بە گریمانەی دەربڕین نیە"

"خالد رقی لەمەی نابێتەوە"

بەڵام راستی هەمیشە سادە نییە، بۆ نموونە ئەگەر دەربڕینێکی باوڵای فەیلەسوفەکان وەرگرین وەك رستە: پاشای فەرەنسا سەری رووتاوەتەوە) ئەم رستەیە وەکو رووداوێك یان گریمانەیەك وەربگرین کە فەرەنسا پاشای نیە لەوکاتەدا.

دەربرینەکە دەبێتە" پاشای فەرەنسا سەری رووتاوەتەوە" بۆ گاڵتەیە چونکە ئەم جۆرە دەربڕینە پێچەوانەی یاسایەکی بنجی یە لە لۆجێك دا کە پێی دەوتریٚ گریمانەی هەبوون(مناطقة) واتە هەموو پاڵپشتێك پێویستی بە بەڵگەو سەلماندنێك هەیە واتە لە گریمانەی (ا) دا پێویستە (ا) هەبێت.

سەرەڕای ئەمەش ئەوەی وا دەکات شیکردنەکە ئاڵۆزبێت لەوەدایە کە گریمانە کە هەندیٚ جار پەیوەندی بەو کارەوە هەیە کە بەکارهێنراوە.

بۆ نموونە کە دەربڕینێکی وەك:" دەزانم خالید ئامادەبوو" لەو بارەدا من داکۆکی لەسەر ئامادەبوونی خالید دەکەم.

لەرێژەی نەرێدا" ئەم دەزانی کە خالید ئامادەبوو" بەڵام ئامادەبوونی خالید هەیەو بەراستییە، چونکە پەیوەستە بە "گریمانە" بە پێچەوانەی ئەمەش ئەگەر چوارچێوەی دەربڕینەکە بپارێزینو تەنیا کارەکەی بگۆڕین چی روودەدا؟ ئەگەر بڵێم" حەزم دەکرد خالید ئامادەبووایە" من لێرەدا دڵنیانیم کە خالید ئامادەبووە کەواتە لێرەدا گریمانە نییە.

ئەو گریمانانەی لەسەر زمانە سروشتی یەکان (زمانەکانی مرۆڤ) پیادە یان راڤە دەکرێت زۆر ئاسان نیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاستی شیکردنەوەی واتایی سوودێك دەگەیەنێ کە رێگا دەدات –لە چوارچێوەی سنورەکەیدا- و لە روانگەی سووچی جیاوازەوە واتای دەربڕین بپشکێنرێو لێکۆڵینەوەی ئەم واتایە بکرێت.

بەشی پێنجەم

" ئەنجام"

پەیوەندی نێوان رێزمانو واتاسازی:

تا ئێستاش هەندێ لێکۆڵەرەوەکان بەردەوامن لە بواری لێکۆڵینەوە لە واتای ووشە، بەڵام زۆربەی ئەو زمانەوانانەی کە بایەخ بە کێشەی رێکخستنی واتایی دەدەن، واتای وشە لە چوارچێوەی رستەدا دەکۆڵنەوە.

ئەوەی کەلە سەری رێك کەوتوونو زانراوە- تا ئێستا- ئاڵۆزترین کێشە کە بە پلەی یەکەم دێت لە لێکۆڵینەوە زمانیەکاندا، کێشەی پەیوەندی نێوان رێزمانو واتایە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەنجامو کۆتایی ئەم کتێبەمان وەك کورتە باسێك بێت بۆ قۆناغە گەورەکانی هەندێ لە رێڕەوەکان بەتایبەتی رێڕەوی ئەمریکی، چونکە رێڕەوەکانی ئەمریکی بەردەوام چەندین توێژینەوەی زمانی لەو بوارانەی کە پەیوەستە بە رێزمانو واتاسازی ئەنجام داوەو ئەنجامی دەدەن.

بە ماوەیەکی کەم لەدوای وتارەکەی (کاتس)و (فۆدۆر) لەسالی **١٩٦٣** ئەوگۆرانکارییانەی کە لە لایەن (کاتس)و (پوستال postal) بەدوای داهات، زمانەوانی بەرهەم هێنانو گوێزانەوە گەشەیەکی گرنگی لە سالی دواتر بەخۆوە بینی.

له ساڵی **١٩٦٥** چۆمسکی(Chomsky) کتێبێکی له ژێر ناونیشانی هەندێ لایەنی تیۆری ڕێزمانی (Aspects of the therory of sytntax) دەرکرد ئەم کتێبە بۆ زمانی فەرەنسی لەساڵی (١٩٧١) لەژێر ناونیشانی (Aspects de la therorie syntaxique) وەرگێردار چۆمسکی لەکتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چاوخشاندنێك بە چەندین تیۆری بکرێتو بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە یاساکانی (لێکدان) لەئاستی لێکدانەوەی واتایی دا هەیە. پێشنیازی ئەوەشی کرد- لە و ماوەیەدا- ئاستی ڕێزمانی لە ئاستی واتایی جیا بکرێتەوە.

لەسەر ئەو بنامایە یاساکان پێویستیان بە سێ پێکهێن هەیە.


١- **پێکهێنی ڕۆنانی:** ئەمەش پێکهێنی بنکەیی بەخۆوە دەگرێت(یاساکانی دووبارە نووسینەوە یاسا لەسەر بنەمای پۆل کردنو یاسا فەرهەنگیەکان) کە پێویستیان بە ڕۆنانی قوڵ هەیە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر پێکهێنی گوێزراو خۆی ڕۆنانی قووڵ دەگورێت بۆ ڕۆنانی سەرەوە یان ڕۆنانی بەرچاو.

٢- **پێکهێنی واتایی:** لە کۆمەڵە یاسایەکی نمایندەی واتایی پێکهاتووەکە لە ڕۆنانی قووڵ دا بۆ ڕوونکردنەوەی واتا پیادە دەکرێ.

٣- **پێکهێنی دەنگسازی:** یاساکانی نمایندەی فۆنۆلۆژی لەسەر ڕۆنانی سەرەوە پیادە دەکات بۆ لێکدانەوەو دەرخستنی فۆنۆلۆژی.

تیۆری نموونەیی

بە شێوەیەکی سادە ئەم بۆچوونە بە " تیۆری نموونەیی" ناونراوە کە دەکرێ بەم شێوەیە پیشان بدرێت.



پێکهاتە بنچیەیەکانی تیۆری نموونەیی چۆمسکی **١٩٦٥** بەپێ ئەم هێلکاریە ، پێکهینەکانی فۆنۆلۆژیو واتای بەپێ ی لێکدانەوەیە، واتە تەنیا باسی دەنگەکان یان واتاکان بێ ڕووداوی ڕستە دەکات، واتە ئەوانە خۆیان ڕستە دروست دەکەن.

پێکهاتەی واتایی سەربار لە ڕاستیدا هەوڵ دەدات هەندێ دیاردەی لە هێلکاریو شێوەکاندا باس کرا درك بکات بۆ ئەوەی تەمو مژی واتایی لە نموونەیەکی وەك" نیشانەکە ڕاستە" ڕوون بکاتەوە: لەوانەیە نیشانەی مۆسیقا یان نیشانەی چێشتخانە بێت.

بە تایبەتی لەڕستە نامۆکانی وەك: فرچەی دادنەکە بە نیگای سووك چاوم لێ سۆڕ دەکاتەوە.

سەرەڕای رستە لێڵە ڕێزمانیەکانی وەك: ئەحمەد فاتیمەی پتر لە خالید خۆشی دەوێت، رستەی باسکراو بە دووبارە رۆنانی وەك: ئەحمەد فاتیمەی خۆش دەوێتو فاتیمە لەلای ئەحمەد خۆشەویستە.

پێکهاتەی واتایی بەگشتی هەوڵ دەدات بۆ دووبارە کردنەوەی نموونەکە کە توانای لێکدانی راستەقینەی نێوان دەنگو واتایە کەچی لەروانگەی گوێزانەوەکان تەنیا هەر روخسارێکی رووتە هەر رێز کراوەو ناتوانێ گۆڕانکاری لە واتاکانی رۆنانی قووڵ دا بکات کە پێویستە لەم بوارە دا رەچاو بکرێت کە بە تیۆری نموونەیی ناونراوە، رۆنانی قووڵ دەستنیشانی نمایندەی واتاییو رۆنانی سەرەوە دەستنیشانی نمایندەی دەنگی دەکات.

ئەو بیرەی کە یاساکانی نمایندەی واتایی لەسەر ئاستی رۆنانی قووڵ پیادەی دەکات، هێواش هێواش لە برەوکەوت بەتایبەتی دوای ئەو رەخنانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە زمانەوانەکان ئاراستەیان کرد.

لە دەربڕینێکی وەك: ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ژمارەیەکی کەم لە کتێب دەخوێنینەوە، و(ژمارەیەکی کەم لە کتێبەکان لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لەخوێنەران خوێندراونەتەوە).

هیچ هۆکارێكو رێگایەك نیە بۆ دۆزینەوەی هۆی ئەوەی کە ئەم دەربڕینانە خاوەنی واتایی جیاواز بن ئەگەر تەنیا پشت بە رۆنانی قووڵ ببەستین هەمان کێشەو تەنگو چەڵەمە لەگەڵ ئەم رستەیەدا سەرهەڵدەدات " ئەحمەد ئەوەی فاتیمەی خۆشی دەوێ" هێز لە سەر وشەی "ئەحمەد" دانراوە. و رستەی " ئەحمەدە ئەوەی فاتیمە خۆشی دەوێ" بەبێ هێز دەبینین جیاوازی لێکدانەوەی واتایی ئەم دوو رستەیە لەئاستی قووڵ دا دەرناکەوێت، چونکە هەردوو رستەکە هەمان رۆنانی قوڵیان هەیە کە رستە ی:" فاتیمە ئەحمەدی خۆش دەوێت"ە بەرامبەر بەم کێشانەی کە بەهۆی هەڵبژاردنی تەواوی تیۆری نموونەیی کە

تەواوی لێکدانەوەکانی واتایی لەسەر بنەمای رۆنانی قووڵی رستە بنیات دەنێ، دوو رێرەوی گەورە سەریان هەڵداو هێواش هێواش رێگایان خۆش کرد: تا" واتای بەرهەم هێنان" لەگەڵ" لاکۆف " Georges Lakaff" دا دەرکەوت.

" لاکۆف" بەپێی شیکردنەوەی نموونەکانی چۆمسکی وای بۆ دەچێت کە هەردوو رستەی: ئەحمەد باسوقەکەی [١٦]. بە چەقۆ دەبڕی و ئەحمەد چەقۆی بۆ بڕینی باسۆقەکە بەکار هێنا" رۆنانی قوولێیان (ئەو دوو رستەیە) بەرادەیەکی هەست پێکراو جیاوازە.

ئەو دوو رستەیە پەیوەندییەکی هاوبەش گرێیان نادات(دەتوانێ بیسەلمێنێ بەپێی بۆچوونەکەی لا کۆف- کە ئەو دوو رستەیە بەهیچ شێوەیەك پێك ناچن) ئەمەش بەهۆی زنجیرەیەك لەسەلماندنو ئەزموونی تاقیگەیی کە زەحمەتە بەو پەلەییە دەستنیشانیان بکەین.

لاکۆف هەوڵی دا جیاوازی ئەو دوو رستەیە لەرووی رۆنانی سەرەوەو بەشداریان لەرووی واتاوە دەربخات وایان لێبکات ژمارەیەکی زۆر لە سیما رێزمانیەکانی ئاستی قووڵی رستە دابەش بکەن.

بە واتایەکی تر دەڵێین: بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی لە بارمان لە رووی رۆنانی قووڵەوە دەست بکەوێت دەبێ لایەنە لێکچووەکانی واتایی ئاستی سەرەوە بزانین، کە بەم پێیە پێویست دەکات دووبارە توێژینەوە لە رۆنانی قووڵ لە ئاستێکدا کە زۆر دابڕاوترە لەو ئاستەی کە چۆمسکی پێشنیازی کردووە، بکەین.

لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا رستە نامۆکانی واتاییو راستی فەرهەنگی پێویستی بە هێنانەوەی لۆجێكو رێزمان بە یەکەوە دەکات بەم پێ یە

١٦- لە دەقی فەرەنسی دا(Antoine)یە.

پێکهاتەی بنکەیی پێشنیازکراو زۆرتر لەهەندێ خاڵ دا — تا سیستەمی لۆجیکی لۆجێکراو(مناطقة) پێك دەچن لاکۆف بۆ ئەم کێشەیە کتێبێکی تەواوی تەرخان کرد بەناوی زمانەوانیو لۆجیکی سروشتی " Linguistique et logique naturelle"[١٧]. لەوکیتبەدا لاکۆف لەو گریمانەیەی کە پەیوەندی لە نێوان رۆنانی لۆجیکیو رۆنانی رێزمانی دا هەیە، دەست پێدەکات.

لاکۆف پەنا دەباتە بەر ئەو چەمکانەی کە لە لۆجیك وەرگیراون بەرێگایەك جۆرێك لۆجیکی تایبەتی دەداتێ کە بە"لۆجیکی سروشتی" ناوی دەبات.

لە رووانگەی بینینی شیکردنەوە دیاردەی زمانی دەبێ رۆنانی رێزمانی رستەیەك هەمان وێنەی لۆجیکی ئەو رستەیەبێت. ئەمەش پێویست بەوە دەکات ئەو یاسایانەی رێژەی لۆجیكو رێژەی رۆنانی سەرەوە بەیەکەوەگرێ دەدات یاساکانی رێزمانی بێت.

بە شێوەیەکی گشتی- بەلای لایەنگرانی واتای بەرهەمهێنان- ئاستی رۆنانی قوول زۆر پێویست نیە، رێزمانیش نابێ سەربەخۆیێکی تەواوی هەبێت. ئەمەش بەهۆی بەراورد بە واتا لە رۆنانی ژیرەوە.

هەروەها مەودای ئەوە نییە زنجیرەیەك لە پۆلە رێزمانیەکان بانگ بکرێنەوە چونکە ئەم ئاستە لەپۆلەکانی " لۆجیکی — واتایی- رێزمانی " پێکهاتووە، دەکرێ ئەم مۆدێلە لەو وێنەیەدا بخرێتە روو.

رۆنانی ژێرەوە ← گوێزانەوە ← رۆنانی سەرەوە (لۆجیکی واتایی و رێزمانی)

١٧- لە ساڵی ١٩٧٢ وەرگێڕان فەرەنسییەکەی کەتە بازاڕ.

ئەو کێشانەی کە تیۆری نموونەیی وروژاندنی بووە هۆی سەر هەڵدانی گریمانە تازەکان ئەو گریمانانەش بوونە مایەی دروست بوونی واتای بەرهەم هێنان" بەڵام ئەم کێشەیە لەو ئاستەدا لە تیۆریەکەی چۆمسکی ناوەستێت.

بەپێی ئەو گازاندانەی کە دژی تیۆری نموونەیی سەریان هەڵدا" چۆمسکی" لەلای خۆی گەیشتە هەڵبژاردنی واتای لێکدانەوەیی زۆر ئاڵۆز. بەئاشکرا دەرکەوت کەتیۆری نموونەیی دەکرێ هەندێ گۆڕانکاری بەسەردابێت، لەمەودوا دەکرێ پێکهێنی واتایی لە سنووری نمایندەی رۆنانی سەرەوە بێتو تایبەت نەبێت بە رۆنانی قووڵ.

ئەمە بوو ئەنجامی هەندێ لە تاقیکردنەوەکانی هەندێ دیاردە کە بەهۆی هێز لەسەر هەندێ لە ووشەکاندا دەر خست. بۆ نموونە لە رستەیەکی وەك:" ئەحمەد خۆی لێرە ئامادەیە" بەهێز خستنە سەر وشەی "ئەحمەد" چونکە گریمانەی ئەوە دەکرێت کەسێکی تر لەوێ بووبێ بەڵام ئێمە مەبەستمان(ئەحمەد)ە.


بۆ درك کردن بەو جۆرە دیاردانە چۆمسکی لەسەرەتاوە ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ جۆرە هۆکارێکی دەربڕین نیە کە ئەم دیاردانە لە رۆنانی قووڵ رون بکاتەوە، بەڵام پاش پشکنینو چەندین تاقیکردنەوە گەیشتە ئەوەی کە پێکهێنی واتایی دەکرێ لە ئاستی سەرەوەدا بنوێنرێت، هەروەك چۆن لە ئاستی ژێرەوەدا دەنوێنرێت.

چۆمسکی ئەوە دەسەلمێنێت کە رۆنانی سەرەوە لە توانای دانیە چارەسەری هەندێ لە کێشەکانی واتایی لە هەندێ رستەدا بکات. بۆ تێگەیشتنی ئەو جۆرە رستانە ناچارین پەنابەرینە بەر رۆنانی قووڵ.

بۆ نموونە رستەیەکی وەك: زۆر لەخەڵکی کەمێك لەکتیبەکان دەخوێننەوەو رستەی: کەمێك لەکتێبەکان لەلایەن خەڵکانێکی زۆر خوێندراونەتەوە. لە و

دوو رستەیەدا ناچارین پەنا بەرینە بەر هەردوو رۆنانەکە رۆنانی سەرەوە رۆنانی قوولّە بۆ ئەوەی هەست بە جیاوازی نێوان ئەو دوو دەربڕینە بکەین.

بۆ ئەوەی بکرێ لەو جۆرە دیاردانەی کە دەردەکەون بگەین چۆمسکی پێشنیازی ئەوە دەکات. کە رۆنانی قوولّ لەمەو دووا بە تەنیا ئەو ئاستە نییە کە خاوەنی جیاوگێکی وا بێت کەلە رێگای ئەوەوە واتا پێشبینی بکرێتو لێکبدرێتەوە کەواتە تیۆری نموونەیی گۆڕاو ناوێکی تری لێنرا ئەویش" تیۆری نموونەیی فراوانکراو" ە کە ئەم مۆدێلەی چۆمسکی دەکرێ لە وێنەی وادا دەربکەوێت.



لێکدانەوەی واتایی[18]. بێ گومان پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ئەو وەرگێرانە ئاماژە بۆ لێکدانەوەی واتایی دەکات ئەگەر بکرێت لە روانگەی رۆنانی سەرەوە رۆنانی قوولّ ئەنجام بدرێت ئەوا رۆنانی قوولّ بەردەوام دەبێت لە بینینی رۆلّی سەرەکی، چونکە هەموو گۆڕانەکان(گوێزانەوەکان)ی پەیوەندی فەرهەنگی پێش گۆڕانەکانی رێزمانی تەواو دەبێت.

لەدووای ئەمەدا دەتوانین بلّێین تەنانەت ئەگەر کرا بۆ ئەو تیۆریە" تیۆری واتایی فراوانکراو" گەشەی نوێی بەخۆوە ببینێ، ئەوا لێکۆلّینەوە لەو گەشەیەدا، بێگومان لە چوارچێوەی ئەم کتێبە دەردەچێت.

١٨- وەرگێرانی ١٩٧١ .

لیستی سەرچاوەکان

-Bassam Barake- Dixtionnaire de linguistique Francais- Arabe- press، Tripoli- liban.

-F. de saussure – cours de linguistique general، paris payot- 1979.

-Georges Mounin –Clefs pour، In semantique، -paris Edition seghers، 1872.

-jean Dubois – Dictionanrie de lingusitique، paris Larousse، 1973.

- د. عبدالسلام المسدي، قاموس الليسانيات عربي- فرنسي، فرنسي- عربی، الدار العربية للكتاب، تونس ١٩٨٤.